Vision Foundation
for Strategic Studies

دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی

# هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شارەوانییەکان لەهەرێمی کوردستان

## هەنگاوێک بەرەو دیموکراسی خۆجێی و خزمەتی شار


توێژەر:

کارمەند محمود عبدالله


ئایاری ٢٠٢٦


Sulaymaniyah, Ashty, Opposite to Azadi Park

www.visionfoundationiq.org

+964 772 330 0005

# بەشی توێژینەوەکان - دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی

| جۆری بڵاوکراوە : | بابەت : | توێژەر: |
| --- | --- | --- |
| توێژینەوە | یاسایی و کارگێڕی | کارمەند محمود عبدالله |

## بەیاننامەی دامەزراوەکە

دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، لە پێناو تێگەشتنی هاوسەنگ و دروستکردنی داهاتوویەکی پرشنگدار و گەشەسەندوو بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق کاردەکات. لە ڕێگەی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی ئەکادیمی لە سەرجەم گرفت و قەیرانە هاوچەرخەکان و دۆزینەوەی چارەسەری پراکتیکی گونجاو. ئێمە وەک ئەرکی سەرەکی دامەزراوەکەمان کە برتییە لە پاراستن و پەرەپێدانی وڵاتەکەمان، دەمانەوێت لە ڕێگەی توێژینەوەی ستراتیجییەوە، بەرچاوڕوونی و نەخشەڕێگای گونجاو پێشکەش بە داڕێژەرانی سیاسەت و ناوەندەکانی بڕیار لە هەردوو حکومەتی فیدڕاڵی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەر سێ دەسەڵاتی (جێبەجێکردن، یاسادانان و دادوەری)، ڕای گشتی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بکەین.

## تێبینی

ئەو زانیاریی، دەرئەنجام و ڕاسپاردانەی لە توێژینەوەکەدا خراونەتەڕوو بریتین لە دیدگای توێژەرانی توێژینەوەکە، کە مەرج نییە نوێنەرایەتی دیدگا و بۆچوونی دامەزراوەکەمان بکەن.

مافی بڵاوکردنەوەی پارێزراوە ©٢٠٢٦
INFO@VFSSIQ.ORG
WWW.VFSSIQ.ORG

# هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شارەوانییەکان لەهەرێمی کوردستان
# هەنگاوێک بەرەو دیموکراسی خۆجێی و خزمەتی شار

## پوختە


ئەنجومەنی شارەوانییەکان بە یەکێک لە دامەزراوە گرنگەکانی شار دادەنرێت لە زۆربەی وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهان و ئەوروپا وەک فەرەنسا و تەنانەت وڵاتانی دراوسێ وەک تورکیا و ئێران، گرنگی زۆر بەم ئەنجومەنانە دەدەرێت و بە شێوازی هەڵبژاردن ئەم ئەنجومەنانە دیاری دەکرێت، کە ڕاستەوخۆ لەلایەن خەڵکی ئە ناوچانەوە هەڵدەبژێردرێن و خاوەن دەسەڵاتی زۆرن بۆ خزمەتی هاوڵاتیان و چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراسی و نا مەڵبەندێتی کارگێڕی و دارایی، ئەم ئەنجومەنانە لە شارە گەورەکاندا بونیان هەیە، هاوکات لە بەشێک لە قەزاو ناحییەکانیش دەکرێ بونیان هەبێت.

لە هەرێمی کوردستان  یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکان ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٣ لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە دەرچوێنراوە بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شارەوانییەکان کە لەڕووی کارگێڕییەوە ئەم ئەنجومەنانە بەستراونەتەوە بە وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزارەوە[١]. لەساڵی ٢٠٠٠ لە ئیدارەی سلێمانی و ساڵی ٢٠٠١ لە ئیدارەی هەولێر یەکەم هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنی شارەوانییەکان ئەنجامدرا،کە تا ڕادەیەکی باش توانیان خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان پێشکەشی شار بکەن بە تایبەتتر لە ئیدارەی سلێمانی و شارەوانی ناوەندی سلێمانی لە وێنەی (زێرابی سندوقی و چەند پرۆژەیەکی تری گرنگ).

بەگوێرەی یاساکە پێویستبوو هەر چوار ساڵ جارێک هەڵبژاردن بۆ ئەم ئەنجومەنانە ئەنجامبدرێت، بەڵام لەدوای یەکەم هەڵبژاردن هیچ هەڵبژاردنێکی دیکە بۆ ئەم ئەنجومەنانە ئەنجام نەدراوەتەوە، بۆیە ئەنجومەنەکان بەردەوامبوون لە کارەکانیان و ئەم دۆخە درێژەی کێشا ئەمەش بووە مایەی ئەوەی ئەو ئەنجومەنانە بە کرداری پەکبرێن و لە کاربکەون و نەتوانن کارەکانیان ئەنجامبدەن بەهۆی لەدەستدانی ڕێژەی یاسایی بەشێک لەو ئەنجومەنانەو مردنی بەشێک لە ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانییەکان و وازهێنانی هەندێکیان و خانەنشینبوونی هەندێکی تریان، یاخود وەرگرتنی پلەیەکی وەزیفی دیکە لەلایەن ئەندامانی ئەنجومەنەوە یان چونە دەرەوەی وڵات لەلایەن بەشێک لە ئەندامانەوە یان وازهێنانی بەشێکی تریان.

دواتر ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە بۆ چالاککردنەوەی ئەنجومەنەکانی شارەوانی هەستا بە دەرکردنی پەیڕەوەی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٧[٢] بۆ دووبارە کاراکردنەوەی ئەنجومەنی شارەوانییەکان، بەڵام نەتوانرا ئەو پەیڕەوە جێبەجێبکرێت، بۆیە دوبارە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەساڵی ٢٠١٩ پەیڕەوی ژمارە (٢) پەیرەوی پێکهێنانی ئەنجومەنەکانی شارەوانی لەهەرێمی کوردستان داڕشت، و بەمەش هەرچەندە لە ڕووی کرداری ئەنجومەنەکان کارا کرانەوە بەڵام بەبێ ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردن و لەسەر بنەما و میکانیزمێکی نا یاسایی، هاوکات کۆمەڵێک گۆڕانکاری گەورە لە پێکهاتەی ئەنجومەنەکاندا کرا ،کە پێچەوانەی زەقی یاساکەبوو، ئەمەش گرفتێکی یاسایی گەورەی دروستکردووە کە پێویستی بە چارەسەری ڕیشەیی هەیە، لەم توێژینەوەیەدا تیشک دەخەینە سەر خودی یاساکەو کەموکوڕی و کەلێنەکانی، و هەروەها گرفتەکانی دوو ئەنجومەنی هەڵبژێرداو لە شاردا باسدەکەین کە هەردوو ئەنجومەنی شارەوانی و ئەنجومەنی پارێزگان، دواتر شێوازو میکانیزمی دوبارە هەڵبژاردنەوەی ئەم ئەنجومەنانە دەخەینەڕوو.

کلیلە وشەکان: ئەنجومەنی شارەوانی، هەڵبژاردن، پەیڕەو، دەسەڵات، سەرۆکی شارەوانی، ئەنجومەنی پارێزگا.

---

[1] یاسای وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار ژمارە (٧) ساڵی ٢٠٢٢

[٢] بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠١٧ لە ڕێکەوتی ٢٧/١١/٢٠١٧

## گرنگی توێژینەوەکە

1-نەبوونی توێژینەوەیەکی یاسایی وورد دەربارەی ئەرک و بەرپرسیاریەتی ئەنجومەنەکانی شارەوانی لە هەرێمی کوردستان.

2-خستنەڕووی کاریگەرییە نەرێنییەکان و پێشێلکارییە یاساییەکانی ئەنجامنەدانی هەڵبژاردنی گشتی ڕاستەوخۆ بۆ ئەنجومەنەکانی شارەوانی.

3-خستنەڕووی گرفتە یاساییەکانی کاراکردنەوەی ئەنجومەنی شارەوانییەکان لە هەرێمی کوردستان لەساڵی ٢٠١٩.

4-پیشاندانی گرفتی دوو ئەنجومەنی لە شاردا (ئەنجومەنی شارەوانی و ئەنجومەنی پاریزگا) و دیاریکردنی چارەسەری پێویست.

5-خستنەڕووی میکانیزمی نوێ ، بۆ دووبارە هەڵبژاردنەوەی ئەنجومەنەکانی شارەوانی، بە پێکهاتەیەکی نوێ جیاواز لەم پێکهاتەیەی ئێستای.

6-پێشکەشکردنی  دیدگای نوێ ، بۆ لایەنی پەیوەندیدار وەک (پەرلەمانی کوردستان، ئەنجومەنی وەزیران، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار) بۆچارەسەرکردنی ئەو گرفتە یاساییانەی لە ئێستادا ئەنجومەنەکانی شارەوانی تێی کەوتوون و بەیاساییکردنی ئەنجومەنەکان.

## ئامانجی توێژینەوەکە

1-پیشاندانی گرنگی بوونی ئەنجومەنەکانی شارەوانی وەک ئەنجومەنێکی هەڵبژێردراو کە بتوانێت خزمەت بە شارو هاوڵاتییان بکات و وەڵامدەرەوەی خواستە خزمەتگوزارییەکانیان بێت.

2-بەهێزکردنی پرەنسیپی هەڵبژاردن و دیموکراسی خۆجێی لە هەرێمی کوردستان، لەڕێگای هەڵبژاردنی گشتی ڕاستەوخۆ بۆ ئەنجومەنەکانی شارەوانی.

3-خستنەڕووی دیدگای نوێ بۆ پێکهێنانەوەی پەیکەری  ئەنجومەنەکانی شارەوانی بە شیوازی هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆ لەلایەن هاوڵاتیانەوە بەپێی یاسا.

4-گرنگیدان بە جێبەجێکردنی پرەنسیپی لامەرکەزی لە هەرێمی کوردستان بەگشتی و لامەرکەزییەتی دارایی بەتایبەتی بۆ شارەوانییەکان بۆجۆرێک کە بتوانن خزمەتگوزاری پێشکەش هاونیشتمانیان بکەن و کەمکردنەوەی ڕۆتیناتی کارگێڕی و دارایی.

5-بەهێزکردن و سەرپێخستن و بەدامەزراوەییکردنی ئەنجومەنەکانی شارەوانی لە هەرێمی کوردستان.

6-هەوڵدان بۆداڕشتن و ئامادەکردنی پێشنیازی پڕۆژە یاسایەکی نوێ بۆ پەرلەمانی کوردستان تایبەت بە هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی شارەوانی، یاخود هەموارکردنەوەی یاساکە بەجۆرێک لەئاستی وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهان یاخود ناوچەکەدابێت .

7-گونجاندنی ئەم دامەزراوە گرنگە خزمەتگوزارییە و دیاریکردنی دەسەڵاتەکانی بەگوێرەی ستانداردە جیهانییەکان بۆ بەرەوپێشبردنی کەرتی خزمەتگوزاری لەهەرێمی کوردستان لەگەڵ گۆڕانکارییە خێراکان، لەڕێگای ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی ڕاستەوخۆ ئەندامانی ئەنجومەنەکانی شارەوانی دیاریبکرێن، هاوکات دیاریکردنی مەرجی شیاو بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنەکان بەجۆرێک بتوانرێت کەسانی بەتواناو شیاو و خزمەتگوزار ببرێتە ناو ئەو ئەنجومەنانە، لەگەڵ پێدانی دەسەڵاتێکی فراوانی لامەرکەزییەتی کارگێڕی ودارایی بەم ئەنجومەنانە.

## پرسیارەکانی توێژینەوەکە

**لەم توێژینەوەیەدا چەند پرسیارێک دەوروژێنین و هەوڵدەدەین وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بدەینەوە:**

1-گرنگی بوونی ئەنجومەنی شارەوانیەکان چین؟

2-ئایا پەیڕەوی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٩ ی ئەنجومەنی وەزیران بۆ پێکهێنانەوەی ئەنجومەنی شارەوانییەکان پاڵپشتی یاسایی هەیە؟ گرفتەکانی لەکوێ و لەچیدان؟

3-ئایا بوونی دوو ئەنجومەنی هەڵبژێردارو لەیەک کاتدا لە شاردا (ئەنجومەنی شارەوانی و ئەنجومەنی پارێزگا) بەریەک کەوتن لە کارو دەسەڵاتەکانیاندا دروست دەکات؟

4-کاراکردنەوەی ئەنجومەنی شارەوانییەکان بەگوێرەی پەیرەوی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٩ چ گرفتێکی یاسایی تیادایە؟

5-میکانیزمی نوێ چییە بۆ دووبارە پێکهێنانەوەی ئەنجومەنەکان لەئەگەری ئەنجامدانی هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنی شارەوانییەکان؟

6-دەسەڵاتی ئەنجومەنەکان و شارەوانییەکان چیین؟

7-ئاستی لامەرکەزییەتی دارایی بۆ ئەنجومەن و شارەوانییەکان تا کوێیە؟

## میتۆدی توێژینەوەکە

بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیەمان پشتمان بەستووە بە بەکارهێنانی میتۆدی (شیکاری) بۆ شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٣ی هەموارکراو، و هەردوو پەیرەوی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٧ و پەیڕەوی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٩ ی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دووبارە پێکهێنانەوەی ئەنجومەنەکانی شارەوانی لە هەرێمی کوردستان.

## پەیکەربەندی توێژینەوەکە

**توێژینەوەکەمان دابەش دەکەین بەسەر چوار تەوەردا بەمشێوەیەی لای خوارەوە:**

تەوەری یەکەم: پێکهێنانی ئەنجومەنەکانی شارەوانی بە گوێرەی یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکان لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٣ی هەموارکراو.

تەوەری دووەم: گرفتە یاساییەکانی کاراکردنەوەی ئەنجومەنەکانی شارەوانیبەگوێرەی پەیڕەوی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٩ی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان

تەوەری سێیەم: پەیوەندی نێوان ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان (ئەنجومەنی پاریزگا – ئەنجومەنی شارەوانی)

تەوەری چوارەم: میکانیزمی نوێ بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی شارەوانی و دووبارە پێکهێنانەوەیان.

دەرەنجام

ڕاسپاردەکان

## تەوەری یەکەم

### پێکهێنانی ئەنجومەنەکانی شارەوانی بە گوێرەی یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکان ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٣ی هەموارکراو

لەهەرێمی کوردستان لەدوای ڕاپەڕینی گەلی کوردستان لە ساڵی ١٩٩١ بووە خاوەن دامەزراوەی یاسادانانی خۆی (پەرلەمانی کوردستان) لەساڵی ١٩٩٢ هەوڵیدا کە سەجەم سێکتەرەکان بە دامەزاوەیی بکات و یاسای تایبەتیان بۆ دەربچووینیت، یەکێک لەو سێکتەرانەی کە پەرلەمانی کوردستان یاسای بۆ دەرکرد بریتیبوو لە یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٣[١] تایبەت بە یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکانی هەرێمی کوردستان، کە بەگوێرەی ئەم یاسایە ڕەنگرێژی بونیادنانی دامەزراوەیەکی گرنگی بۆ شار کرد کە بریتییە لە دامەزراندن و پێکهێنانی (ئەنجومەنی شارەوانی) و دەسەڵاتەکانی ئەم ئەنجومەنانەی دیاریکرد، کە لە ڕووی کارگێڕییەوە پەیوەستن بە وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزارەوە.

بە گوێرەی دەقی ماددەی (پێنجەم)ی یاساکە هاتووە: " شارەوانی ئەنجومەنێکی دەبێت کە ژمارەی ئەندامانی لە پێنج ئەندام کەمتر نەبێت و لە بیست و یەک زیاتر نەبێت و لەگەڵیاندا سەرۆکی شارەوانی"[٢].
هەروەها لە ماددەی (حەڤدەیەم)ی یاساکەدا هاتووە: " سەرۆک و ئەندامانی ئەنجومەن بە هەڵبژاردنێکی سەربەستی ڕاستەوخۆ و بەدەنگدانی تەواو نهێنی کەبەپێی پەیرەویکی تایبەتی دەکرێ لەدانیشتوانی ناوچە شارەوانییەکە هەڵدەبژیردرێن". واتە لێرەدا میکانیزمی هەلبژاردنی بۆ کارکردنی ئەنجومەنەکانی شارەوای دیاریکردووە[٣].

یاساکە ڕەنگرێژی شارەوانییەکانی کردووە وەک دامەزراوی جێبەجێکردن بۆ خزمەتی شار کە بەیەکێک لە دامەزراوە گشتییەکان دادەنرێت و دەقی ماددە (پەنجاو سێیەم)ی یاساکە هاتووە: " شارەوانی بەیەکێک لەدەسەڵاتە گشتییەکان دادەنرێت کە بەپێی یاسا دامەزراوە و بۆی هەیە داوا لەهەموو کەس بکات ملکەچی ئەو فەرمانانەبن کە دەریان دەکات و بەڕێکوپێکی ڕادەگەیەنرێن و ئاشکرادەکرێن،

دەبێت گوێڕایەڵی ئەو فەرمانبەرانەی بکرێن کە دەسەڵاتی هەڵسوڕاندنی کارەکانیان پێسپێردراوە و ئەوەی سەرپێچی بکات بەپێی یاسا کارپێکراوەکان سزا دەدرێت"[٤].

[١] یاسای بەڕیوەبردنی شارەوانییەکان ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٣[1]ی هەموارکراو.
[٢] ماددەی پێنجەم لەهەمان یاسا
[٣] ماددەی حەڤدەیەم لەهەمان یاسا
[٤] ماددەی پەنجاو سێیەم لە هەمان یاسا

دەبێت گوێڕایەڵی ئەو فەرمانبەرانەی بکرێن کە دەسەڵاتی هەڵسوڕاندنی کارەکانیان پێسپێردراوە و ئەوەی سەرپێچی بکات بەپێی یاسا کارپێکراوەکان سزا دەدرێت"[4].

بەلام جێبەجێکردنی یاساکە بۆ درەستکردنی ئەم ئەنجومەنەنەچووە بواری جێبەجێکردنەوە هەتا ساڵی ٢٠٠٠ هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی شارەوانی لە ئیدارەی سلێمانی و لەساڵی ٢٠٠١ لە ئیدارەی هەولێر هەڵبژاردن ئەنجامدرا.

هاوکات ئەم یاسایە لە ماددەی (هەژدەیەم/ بڕگەی یەکەم) ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنەکانی دیاریکردووە بە:
- شارەوانی پۆلی تایبەتی (حەڤدە ئەندام)
-شارەوانی پۆلی ممتاز (سیازدە ئەندام)
-شارەوانی پۆلی یەکەم (یازدە ئەندام)
-شارەوانی پۆلی دووەم (نۆ ئەندام)
-شارەوانی پۆلی سێیەم (حەوت ئەندام)
-شارەوانی پۆلی چوارەم (پێج ئەندام)

سەبارەت بە ماوەی ئەندامێتی ئەنجومەنەکان لە دەقی ماددەی (نۆزدەیەم)ی یاساکە زۆر بەڕوونی ئاماژەی پێداوەو هاتووە: " ماوەی ئەندامێتی لە ئەنجومەن (٤) چوار ساڵە کە لەڕۆژی یەکەم کۆبوونەوەوە دەست پێدەکات[١]".

لەماددەی (بیستەم)ی یاساکەشدا خەڵاتی ماندووبوونی مانگانەی بۆ ئەندامان دیاریکردووە بەوەی هاتووە: " ئەو ئەندامانەی فەرمانبەرنین، لەپۆلی تایبەتی (٣٠٠) دینارو لەپۆلی ممتاز(٢٥٠) دینارو پۆلەکانی تر (١٠٠) دینار خەڵاتی مانگانەیان دەدرێتێ[٢]".

سەبارەت بە هەلبژاردنی جێگری سەرۆک لەماددەی (بیست و یەکەم)دا هاتووە:"ئەنجومەن لەیەکەم کۆبوونەوەیدا بەدەنگدانی نهێنی یەکێک لە ئەندامە هەڵبژێردراوەکانی بە جێگری سەرۆک هەڵدەبژێ[٣]".

## سەرۆکی شارەوانی

سەبارەت بەو کەسەی کە دەبێتە سەرۆکی شارەوانی ماددەی (بیست و دووەم)ی یاساکە مەرجەکانی دیاریکردووە بە:
١- دەبێ پاڵێوراو بۆ سەرۆکایەتی شارەوانی سی ساڵی تەمەنی تەواو کردبێ و بڕوانامەی دواناوەندی یان هاوسەنگەکەی (مایعادلها) هەبێ[٤]".

[١] ماددەی نۆزدەیەم لە هەمان یاسا
[٢] ماددەی بیستەم لەهەمان یاسا
[٣] ماددەی بیست و یەکەم لەهەمان یاسا
[٤] ماددەی بیست و دووەم لەهەمان یاسا

## ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانی

**سەبارەت بە مەرجەکانی ئەو کەسانەی دەبنە ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی دەقی ماددەی (بیست و دووەم/ دووەم) هاتووە:**

٢- دەبێ ئەندامە هەڵبژێردراوەکان سی سالی تەمەنیان تەواو کردبیت و ئەهلیەتی یاسایی- شیاوێتی یاسایی تەواویان هەبێت

٣- نابێ لەسەر تاوانیکی لەکەدارکەری شەرەف یا بەندکردن بەهۆی تاوانی کوشتنی ئەنقەست یا دزی کردن حوکم درابێ یا بەشداری لەو تاوانانە کردبێ کە دەسەڵاتی دیکتاتۆری لە کوردستاندا نەخشەی بۆ کێشاوە[١] ".

لەماددەی بیست و سێیەمی یاساکەشدا هاتووە: " نابێ ئەندامێتی ئەنجومەنی شارەوانی و هەرکام لەو ئەنجومەنانەی بەپێی یاسا هەڵدەبژێردرێن پێکەوە بکرێن (کۆبکرێنەوە) [٢]".

### دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی شارەوانی:

سەبارەت بە دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی شارەوانی لە ماددەی (بیست و پێنجەم تا ماددەی پەنجایەم) لە یاساکە ئەرک و دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی دیاریکردووە. کە دەسەڵاتی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بە هاوڵاتیان و زەوی و پرۆژەکان و .... هتد[٣].

### دەسەڵاتەکانی سەرۆکی شارەوانی

لەماددەی (پەنجایەم)ی یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکاندا دەسەڵاتەکانی سەرۆکی شارەوانی دیاریکردووە کە گرنگترینیان ئەمانەن:

١- بەڕێوەبردنی کاروباری شارەوانی و سەرپەرشتی کردنی ئیش و کاری فەرمانبەران و کرێکاران.
٢- بەڕێوەبردنی ماڵ و موڵکی شارەوانی و پاراستنیان.
٣- بەڕێوەبردنی داهاتەکانی شارەوانی و وەرگرتنیان و چاودێریکردنی حسابەکانی.
٤-واژۆکردنی ئەو نوسراوانەی لە شارەوانییەوە دەردەچن.
٥-دەبێتە نوێنەری شارەوانی لەبەردەم دادگاکان و گشت فەرمانگەکاندا و بۆی هەیە کەسێکی تر بکاتە بریکاری خۆی و ئەگەر بەرژەوەندی خۆی لەگەڵ بەرژەوەندی شارەوانیدا ناکۆک بوون، جێگری سەرۆک لەنوێنەرایەتیکردنی بەرژەوەندییەکانی شارەوانیدا جێگەی دەگرێتەوە هەروەکو سەرۆک یا جێگرەکەی لەهەموو بۆنە گشتییەکاندا دەبنە نوینەری شارەوانییەکان.

[١] ماددەی بیست و دووەم لەهەمان یاسا
[٢] ماددەی بیست و سێیەم لەهەمان یاسا
[٣] بڕوانە لە ماددەی (٢٥-٤٩) لە یاسای بەڕیوەبردنی شارەوانییەکان ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٣[1]

٦-هەر دەسەڵاتێکی تر کە ئەنجومەن پێی دەسپێرێ و ئەویش دەبێ:

أ- ئەو ڕاپۆرتانەی خوارەوە بدا بە ئەنجومەن و وێنەیان بدات بە وەزارەت و دەبێت پوختەی ئەو کارانەیان تێدابن کە شارەوانی بەدی هێناون و ئەو بابەتانەی چارەسەری کردوون و کەشفێکیش بە دەسکەوت و مەسرەفی شارەوانی و تێبینی و پێشنیازەکانی لە بارەیانەوە:

1-ڕاپۆرتێکی نیو ساڵی و لەکۆتایی حوزەیراندا دەدرێت.
2-ڕاپۆرتێکی ساڵانە و لە کۆتایی کانونی یکەمدا دەدرێ.
3-ڕاپۆرتێکی کۆتایی لە دوا مانگی خولی ئەنجومەندا دەدرێت.
4-ڕاپۆرتێک لە بارەی ئەو پرۆژانەی گەشەپێدانەوە کە لەسەر حسابی نەخشەن.

ئەم راپۆرتانە بەپێی ئەو پێوانانە دەدرێن کە ئەنجومەنی وەزیران دایان دەنێت.

ب-ئەنجومەن بۆی هەیە لەو ڕاپۆرتانەی بڕگەی پێشوو بدوێ و بڕیاری پێویست سەبارەت بەو بابەتانە بدات کەلەچوارچێوەی تایبەتکاری خۆیدان.

ج- شارەوانی بۆی هەیە لەسەر پێشنیازی ئەنجومەن و پەسەندکردن لە لایەن وەزیرو ئەو راپۆرتانەی لەبڕگەی (١) بەڕێوشوێنی ئاگاداری جۆراوجۆر بۆ هاوڵاتیان بڵاوبکاتەوە[١].

لەماددەی (پەنجاویەکەم)ی یاساکەدا هاتووە: " شارەوانییەکان بۆیان هەیە سەبارەت بە ئەرکەکانی سەرشانیان ڕاستەوخۆ ڕووی قسە بکەنە دادگاکان و فەرمانگەکان و هاوڵاتیان [٢]".

هەر لەبارەی دەسەڵاتەکانەوە دەقی ماددەی (پەنجاو دووەم)ی یاساکە هاتووە: " وەزیر بۆی هەیە هەرچییەک بەپێویست بزانێت لەودەسەڵاتانەی خۆی کە یاسا ڕەچاوکراوەکان بۆی بڕیارداون، بۆ ئاسانکردنی کاروبار بەسەرۆکی شارەوانی بسپێرێ [٣]".

[١] ماددەی پەنجایەم لە یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکان ژمارە (٦)ی ساڵی١٩٩٣

[٢] ماددەی پەنجا و یەکەم لە یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکان .

[٣] ماددەی پەنجاو دووەم لە هەمان یاسا.

## تەوەری دووەم

### گرفتە یاساییەکانی کاراکردنەوەی ئەنجومەنەکانی شارەوانی بەگوێرەی پەیڕەوی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٩ی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان

دوای ئەوەی کە تەنها بۆ یەک جار لەهەریمی کوردستاندا هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنەکانی شارەوانی ئەنجامدرا، کە پێویستبوو بەگوێرەی یاسای بەڕێوبردنی شارەوانییەکان هەر(چوار ساڵ) جارێک هەڵبژاردن ئەنجام بدرایە[١]. دوای ئەوەی بۆ ماوەیەکی درێژ نەتوانرا هەڵبژاردن ئەنجامبدرێت، و بەشێوەیەکی کرداری ئەم ئەنجومەنانە لەکارکەوتن و پەکخران، بەشێک لە ئەندامانی ئەم ئەنجومەنانە کۆچی دواییان کرد، بەشێکیان خانەنشین بوون، نەیانتوانی ڕێژەی یاسایی کۆبونەوەکان (نصاب)ی یاسایی پێکبهێنن، بەمەش بەشێکی زۆری ئەو ئەنجومەنە گرنگانە لەکارکەوتن، ئەم دۆخە درێژەی کێشا بۆ چارەسەرکردنی ئەم بارە نایاساییە ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بیری لەوەکردەوە کە ئەم ئەنجومەنانە کارابکاتەوە بەشێوەیەک هەڵبژاردنیان بۆئەنجام نەدرێت، بۆیە هەستا بەدەرکردنی دوو پەیڕەو بۆ کاراکردنەوەی ئەنجومەنەکانی شارەوانی لەهەرێمی کوردستان ئەوانیش:

1-پەیڕەوی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٧ی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.

2-پەیڕەوی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٩ ی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.

لەخوارەوە هەریەک لەو پەیڕەوانە دەخەینەڕوو دواتریش گرفتە یاساییەکانیان پیشاندەدەین، بەمشێوەیە:

**یەکەم: پەیڕەوی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٧ی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.**

بەگوێرەی ئەم پەیڕەوە کە ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان لە کۆبوونەوەی ژمارە (٣٦) بڕیاری ژمارە (١٢٢)ی لە ڕێکەوتی (٢٧/١١/٢٠١٧) دەرچواند، کە بڕیاریدا بە دەرکردنی پەیڕەوی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٧ بۆ پێکهێنانی ئەنجومەنەکانی شارەوانی لە هەرێمی کوردستان، کە تیایدا میکانیزمی کاراکردنەوەی ئەنجومەنی شارەوانی و ژمارەی ئەندامان و وئەرک و ڕۆڵی سەرۆک و جێگرو ئەندامانی دیاریکرد، بەگوێرەی ماددەی (دووەم) ی ئەم پەیڕەوە پێکهێنانی ئەنجومەنەکانی شارەوانی و دەستنیشانکردنی ئەندامەکانی لەلایەن ئەنجومەنی ئەو پارێزگایەوە دەبێت کە شارەوانییەکە دەکەوێتە سنووری  کارگێڕییەکەی لەسەر پێشنیاری دەسەڵاتی کارگێڕی[٢].

سەبارەت بە پێکهاتەی ئەنجومەنەکانیش لە ماددەی (چوارەم)ی پەیڕەوەکەدا پێکهاتەی ئەنجومەنەکانی بەمشێوەیە دیاریکردووە:

[١] ماددەی نۆزدەیەم لە یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکان .

[٢] ماددەی (دووەم/ یەکەم) لە پەیڕەوی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٧ پێکهێنانی ئەنجومەنەکانی شارەوانی لەهەرێمی کوردستان.

1-نوێنەرایەتی فەرمانگە حکومییەکان لە یەکە کارگێڕییەکان بەومەرجەی ڕێژەی (40%)ی ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەن پێکهێنێت.

2-نوێنەرانی یەکێتی و سەندیکا و ڕێکخراوە ناحکومییەکان بەومەرجەی ڕێژەی (60%)ی ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەن پێکهێنێت[١].

سەبارەت بە مەرجی ئەوکەسەی کەدەبێتە سەرۆکی ئەنجومەنی شارەوانی یان جێگری سەرۆک تەمەنی سی ساڵی تەواوکردبێت و بەلای کەم هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆبن لە ئەندازیاری یان یاسا یان بەڕێوەبردن و ئابووری، یان ئەوەی هاوتایانە و خاوەنی لێهاتوویی یاسایی بن[٢].

لێرەدا زیادکردنی مەرجی بڕوانامەی زانکۆیی بۆ سەرۆک و جێگری ئەنجومەنی شارەوانی سەرپێچییەکی دیارو زەقی ماددەی (بیست و دووەم)ی یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکان ژمارە (٦) ی ساڵی ١٩٩٣ یە کە بەڕوونی تیایدا هاتووە: " ١- دەبێ پاڵێوراو بۆ سەرۆکایەتی شارەوانی سی ساڵی تەمەنی تەواوکردبێت و بڕوانامەی دواناوەندی یان هاوسەنگەکەی (ما يعادلها) هەبێت[٣]" . لە یاساکەدا بڕوانامەی دواناوەندی دیاریکردووە بە مەرج بۆ ئەوکەسەی کاندیدە بۆ پۆستی سەرۆکی شارەوانی، بەڵام بەگوێرەی ئەم پەیڕەوە مەرجی هەبوونی بڕوانامەی بەرایی زانکۆ- بەکالۆریۆس داناوە، ئەمەش سەرپێچییەکی زەقی یاساکەیەو بە هەمواری یاساکە دادەنرێت (تعديل)، کە بەهیچ جۆرێک دەسەڵاتی جێبەجێکردن (حکومەت) بۆی نیە دەستکاری ناوەڕۆکی یاساکان بکات و ئەرکی بریتییە لە جێبەجێکردنی یاساکان، بەگوێرەی بنەمای پرەنسیپی لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لەیەکتری (مبدء الفصل بين السلطات)، کە بنەمایەکی دەستورییەو دەستوری عێراقیش جەختی لێکردۆتەوە لەماددەی (٤٧) [٤] بەمەش ئەم پەیڕەوە سەرپێچییەکی ڕون و ئاشکرای دەستور و یاساکەی کردووە.

لەهەمان کاتدا یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکان میکانیزمی هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆی دیاریکردووە بۆ هەڵبژاردن و پێکهێنانی ئەنجومەنەکانی شارەوانی، بەڵام ئەم پەیڕەوەی ئەنجومەنی وەزیران بۆ کاراکردنەوەی ئەنجومەنەکان میکانیزمی (دانان- تعيين) ی دیاریکردووە واتە ئەندامەکان بە دانان دیاری دەکرێن، ئەمەش دیسان پێچەوانەی یاساکەیەو بە هەمواری یاساکە دادەنرێت، کە هەمواری یاساش کاری دەسەڵاتی یاسادانان (پەرلەمان)ە نەک دەسەڵاتی جێبەجێکردن.

لە لایەکی دیکەوە لە کاتێکدا ئەو پەیڕەوە دەرچوێندراوە پەرلەمانی کوردستان کارابووەو هیچ کێشەیەکی شەرعییەتی نەبووە، دەکرا لەڕێگای هەمواری یاساکەوە کار لەسەر گۆڕینی میکانیزمی کاراکردنەوەی ئەنجومەنەکانی شارەوانی بکرایە نەک پەنا بردنە بەر شێوازو میکانیزمێکی نایاسایی.

---

[١] ماددەی (چوارەم) لە پەیڕەوی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٧.

[٢] ماددەی (پێنجەم) لە هەمان پەیڕەو.

[٣] ماددەی (بیست و دووەم/ یەکەم) لە یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی١٩٩٣ بەڕێوەبردنی شارەوانییەکانی لەهەرێمی کوردستان.

[٤] بڕوانە ماددە (٤٧) لە دەستوری عێراق ساڵی ٢٠٠٥.

سەبارەت بە مەرجی ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانیش هەمان پێشێلکاری کراوە بەوەی لەدەقی ماددەی (بیست و دووەم/ دووەم) لە یاساکە هاتووە: " ٢- دەبێ ئەندامە هەڵبژێردراوەکان سی ساڵی تەمەنیان تەواوکردبێت و ئەهلییەتی (شیاوێتی) یاسایی تەواویان هەبێت"[١]. بەڵام لە پەیڕەوی ژمارە (٥) ی ئەنجومەنی وەزیراندا سەبارەت بە مەرجی ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی هاتووە: " پێویستە ئەندامی ئەنجومەن تەمەنی سی ساڵی تەواوکردبێت و هەڵگری بڕوانامەی ئامادەیی بێت بۆ ئەو ئەنجومەنە کارگێڕییەکان پێکدەهێنرێن و هەڵگری بڕوانامەی خوێندنی بنەڕەتی بێت بۆ ئەو ئەنجومەنەکانی شارەوانی دیکە، خاوەنی لێهاتوویی یاسایی بێت"[٢]. لەکاتێکدا لە یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکان مەرجی بڕوانامەی بۆ ئەندامانی ئەنجومەن دیارینەکردووە.

لە دەقی مادەی (بیست و سێیەم)ی یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکاندا ئاماژەی بەوەداوە کە نابێت ئەندامێتی ئەنجومەنی شارەوانی و هەرکام لەو ئەنجومەنانەی بەپێی یاسا هەڵدەبژێردرێن پێکەوە بکرێن[٣]. ئەم ماددەیە جۆرێک لە خۆ تەرخانکردن (تفرغ) ی تیادایە بۆ ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانی،لەکاتێکدا بەگوێرەی پەیڕەوەکەی ئەنجومەنی وەزیران هیچ خۆتەرخانکردنێکی تیادانییە بۆ ئەندامانی ئەنجومەن، هەرچەندە لەماددەی (شەشەم/ دووەم)ی پەیڕەوەکەدا هەمان مەرجی داناوە بە کۆنەکردنەوەی ئەندامێتی لە دوو ئەنجومەندا[٤]، بەڵام لەڕووی خۆ تەرخانکردنەوە هیچ خۆتەرخانکردنێکی تیادانییەو بەڵکو زۆرینەیان نوێنەری فەرمانگە حکومییەکان و یەکێتی و سەندیکاو ڕێکخراوە ناحکومییەکانن، ئەمەش لەڕۆڵ و پێگەی ئەو ئەنجومەنانە کەمدەکاتەوە، لەبەئەوەی ئەگەر ئەندامی ئەنجومەن خۆی تەرخانکرد ۆ کارەکەی ئەوا بەکارەکان ڕادەگات و دەتوانێت خزمەتی زیاتری هاوڵاتیان بکات، بەڵام ئەگەر وەک ئەوەی لە پەیڕەوەکەی ئەنجومەنی وەزیراندا هاتووە کە ئەندامەکان نوێنەری فەرمانگەو دامەزراوەکانی دیکەن ئەوا کاری ئەنجومەن وەک کارێکی لاوەکی تەماشا دەکەن نەک کارێکی سەرەکی، ئەمەش کاردەکاتە سەر کاری ئەنجومەن و ڕۆڵی لاواز دەکات.

هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی شارەوانییەکان:

بەگوێرەی پەیڕەوی ئەنجومەنی وەزیران ماددەی (دوازدەیەم) ئاماژەی بەچەند حاڵەتێک کردووە کە ئەنجومەن شارەوانی بە هەڵوەشاوە دادەنرێت:

یەکەم: ئەگەر زیاتر لەنیوەی ژمارەی ئەندامەکانی ئەندامێتی خۆیان لەدەست بدەن.

دووەم: ئەنجومەنی وەزیران لەسەر ڕاسپاردەی ئەنجومەنی پارێزگا بۆی هەیە ئەنجومەنی شارەوانی لەم حاڵەتانەی خوارەوە هەڵبوەشێنێتەوە[٥]:

---

[١] ماددەی (بیست و دووەم/دووەم) لە یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٣ ی بەڕێوەبردنی شارەوانییەکان لە هەرێمی کوردستان.

[٢] ماددەی( پێنجەم/ دووەم) لە پەیڕەوی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٧ی پێکهێنانی ئەنجومەنەکانی شارەوانی لە هەرێمی کوردستان .

[٣] ماددەی (بیست و سێیەم) لە یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٣.

[٤] ماددەی( شەشەم/ دووەم) لە پەیڕەوی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٧.

[٥] پێویستە لەڕێگای دەزگای داواکاری گشتی هەرێمی کوردستان و دەستەی دەستپاکی لەحاڵەتی خراپ بەکارهێنانی ئەم دەسەڵاتەی ئەنجومەنی وەزیران بە ناڕەوا، بە هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی شارەوانی لەڕێگەی پەنابردنە بەر دادگای کارگێڕی بڕیارەکانی ئەنجومەنی وەزیران هەڵبوەشێندرێتەوە، بڕوانە هەر سێ یاسای داواکاری گشتی ژمارە (١٥٩)ی ساڵی ١٩٧٩ی هەموارکراو، یاسای ئەنجومەنی شوورای هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٠٨ ی هەموارکراو، یاسای دەستەی گشتی دەستپاکی هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١١ .

1-پێشێلکاری گەورە لەو کارو ئەرکانەی پێی سپێردراوە.
2-ئەگەر مانەوەی زیان بەبەرژەوەندی گشتی بگەیەنێت.
3-ئەگەر ئەنجومەن دەستەوستان بێت لەبەجێگەیاندنی ئەرکەکانی.
4-لەحاڵەتی پێشێلکردنی دەستوور یان سەرپێچیکردنی یاساکان.

سێیەم: ئەنجومەنی پارێزگا بۆی هەیە لیژنەیەکی کاتی پێکبهێنێت و کارەکانی ئەو ئەنجومەنەی هەڵوەشاوەتەوە

لەتەوەری سێیەمدا هەوڵدەدەین بەوردی باسی پەیوەندی ئەنجومەنی شارەوانی و ئەنجومەنی پاریزگا بکەین.

## دووەم: پەیڕەوی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٩ی پێکهێنانی ئەنجومەنەکانی شارەوانی لە هەرێمی کوردستان

دوای ئەوەی پەیرەوی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٧ جێبەجێنەکراو نەتوانرا ئەنجومەنەکانی شارەوانی کارابکرێنەوە، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار بەنوسراوێک بڕیاری ڕاگرتنی کۆبونەوەکانی ئەنجومەنەکانی شارەوانی دەرکردبۆ ماوەی یەک مانگ لە ڕێکەوتی (١٨/٨/٢٠١٩) تاکو (٢٢/٩/٢٠١٩) بەمەبەستی پێداچوونەوەو هەڵسەنگاندن بۆ بڕیارەکانی ئەنجومەنەکانی شارەوانی[١].

بۆیە ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان پەیرەوی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٩ ی دەرچواند بۆ کاراکردنەوەی ئەنجومەنەکانی شارەوانی، ئەوەبوو بەگوێرەی ئەو پەیڕەوە ئەنجومەنەکان پێکهێنرانەوەو لەئێستادا ئەم ئەنجومەنانە لە کاردان.

لێرەدا هەوڵدەدەین تیشک بخەینە سەر ئەم پەیرەوەو هەڵسەنگاندنێکی یاسایی بۆ بکەین.

بەگوێرەی ماددەی (چوارەم)ی ئەم پەیڕەوە دەستنیشانکردنی ئەندامانی ئەنجومەن لەوانەی خاوەن کارامەیی و پسپۆڕایەتین، بەمشێوەیەی خوارەوە دەبێت:

یەکەم: سەرۆکی فەرمانگە حکومییەکان لەیەکە کارگێڕییەکان بەو مەرجەی ڕێژەی (75%) حەفتاو پێنج لەسەدای ئەندامانی ئەنجومەن پێکبهێنن.

دووەم: نوێنەری ڕێکخراوە پیشەیی و ناحکومییەکان بەومەرجەی ڕێژەیان (25%) بیست و پێنج لەسەدای کۆی ئەندامانی ئەنجومەن زیاتر نەبێت، نوێنەرایەتی بەرژەوەندی گشتی بکەن، و ڕەچاوی بوونی ڕێژەیەک بۆ ئافرەتان بکرێت، سەرەڕای ڕەچاوکردنی بەشداری پێکهاتەکان لەو ناوچانەی کە تایبەتمەندییان هەیە[٢].

---

ئەنجومەنی شوورای هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٠٨ ی هەموارکراو، یاسای دەستەی گشتی دەستپاکی هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١١ .

[١] بڕیاری وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار ژمارە (٦/٧٠١٦) لە ڕێکەوتی ٧/٨/٢٠١٩.

[٢] ماددەی( چوارەم) لە پەیڕەوی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٩ی پێکهێنانی ئەنجومەنەکانی شارەوانی لە هەرێمی کوردستان.

لێرەدا بەگەڕانەوە بۆ یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکان هیچ دابەشکارییەکی نەکردووە بۆ ئەندامانی ئەنجومەن بەڵکو میکانیزمی هەڵبژاردنی پەیڕەوکردووە بۆ ئەنجونەبی شارەوانی نەک بەشێوازی دانان، ئەمەش سەرپێچییەکی ڕوون وئاشکرای یاساکەیە.

سەبارەت بە ئەندامێتی ئەنجومەن لە نوێنەرایەتی ڕێکخراوە پیشەیی و ناحکومییەکان هاتنەدی چەند مەرجێکی بەپێویست داناوە لەوانە:

بەلایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت بۆ شارەوانی پلەی (تایبەت، نایاب، پلە یەک، پلە دوو)، وە بۆ شارەوانی (پلە سێ، پلە چوار) هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم بێت بەلایەنی کەم[١].

لێرەدا هەمان ڕێکاری نایاسایی جێگیر کردووە کە لە پەیڕەوی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٧ دانراوە و بەمەرج گیراوە بۆ ئەندامێتی ئەنجومەن، کە مەرجێکی تەواو نایاساییە لەبەرئەوەی لە یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکان بۆ ئەندامێتی ئەنجومەن هەبوونی بڕوانامەی بەمەرج دانەناوە، بۆیە زیادکردنی ئەم مەرجە بەتەواوەتی پێچەوانەی یاساییە.

سەبارەت بەمەرجی جێگری سەرۆکی ئەنجومەن ماددەی شەشەمی پەیڕەوەکە مەرجی بڕوانامەی بەرایی زانکۆ لە بوارەکانی (ئەندازیاری، یاسایی، بەڕێوەبردن، ئابووری، ژمێریاری) یان ئەوەی هاوتایانە بۆ شارەوانی پلەی (تایبەت، نایاب، پلە یەک، پلە دوو)، وە بۆ شارەوانی (پلە سێ، پلە چوار) هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم بیت بەلایەنی کەم[٢]. لەکاتێکدا بەگەڕانەوە بۆ یاساکە ئەم مەرجی بڕوانامە بۆ جێگری سەرۆک بە مەرج دانەنراوە.

لەلایەکی دیکەوە بۆ دانانی جێگری سەرۆکی ئەنجومەن و سەرجەم ئەندامانی ئەنجومەن بەگوێرەی پەیڕەوەکە لەلایەن ئەنجومەنی پارێزگاوە دەبێت کەوا شارەوانییەکە دەکەوێتە سنوری کارگێڕییەوە، لەسەر پێشنیاری وەزارەت ویەکەی کارگێڕی تایبەتمەند[٣].

سەبارەت بە مەرجی سەرۆکی ئەنجومەن هیچ مەرجێکی بڕوانامەی دیاری نەکردووە تەنها لەبەرئەوەی لەماددەی (دووەم)ی پەیرەوەکەدا هاتووە ئەوکەسەی سەرۆکی شارەوانییە ڕاستەوخۆ دەبێتە سەرۆکی ئەنجومەنی شارەوانی[٤].

ڕای توێژەر:

لێرەدا سەرنجمان لەسەر ئەم میکانیزمە هەیەو دەکرێت سەرۆکی ئەنجومەنی شارەوانی کەسێکی دیکەبێت نەک خودی سەرۆکی شارەوانی ئەو ناوچەیە، وەک ئەو میکانیزمەی بۆ جێگری سەرۆک دیاریکراوە بۆ سەرۆکیش هەمان میکانیزم بێت، یاخود دەکرا لەناو خودی ئەنجومەنی شارەوانی بە دەنگدان کەسێک هەڵبژێردرێت بۆ سەرۆکی شارەوانی نەک ڕاستەوخۆ سەرۆکی ئەو شارەوانییە ببێتە سەرۆکی ئەنجومەنیش.

بەشێوەیەکی گشتی سەرجەم ئەو پەیڕەوە نایاساییەو دژی یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکانی هەرێمی کوردستانە.

---

[١] ماددەی( پێنجەم/ سییەم) لە پەیڕەوی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٩ی پێکهێنانی ئەنجومەنەکانی شارەوانی لە هەرێمی کوردستان.

[٢] ماددەی( شەشەم) لە پەیڕەوی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٩.

[٣]ماددەی( دووەم/یەکەم ) لە هەمان پەیڕەو.

[٤]ماددەی( دووەم/یەکەم) لە هەمان پەیڕەو.

سەرنجێکی دیکەمان سەبارەت بە نوێنەری ڕێکخراوە پیشەیی و ناحکومییەکان پەیڕەوەکە هیچ وردەکارییەکی دیارینەکردووە، تەنانەت تێکەڵی کردووە لە نێوان ڕێکخراوە پیشەییەکان و ڕێکخراوە ناحکومییەکان، لە کاتێکدا لە هەرێمی کوردستاندا دوو یاسای تایبەتمان هەیە بۆ ڕێکخستنی ئەو دوو بوارە، کە ڕێکخراوە پیشەیی و یەکێتی و کۆمەڵە و سەندیکاکان بەیاسای ژمارە (١٨)ی ساڵی ١٩٩٣ ڕێکخراوە[١]، کە لە ڕووی کارگێڕییەوە پەیوەندیدارن بە وەزارەتی ناوخۆوە، بەڵام ڕێکخراوە ناحکومییەکان بە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١١ ڕێکخراوە و فەرمانگەیەکی تایبەت بۆ کاروباری ڕێکخراوەکان دامەزراوە کە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە.

گرفتێکی تری ئەم پەیڕەوە لەوەدایە کە هیچ دەقێکی تەرخان نەکردووە بۆ شێوازی دیاریکردنی نوێنەری ڕێکخراوەکان، میکانیزمی دانانی بۆ دیارینەکردووە، ئایا نوێنەری ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە لایەن فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان دیاری دەکرێت؟ یان خودی ڕێکخراوەکان نوێنەری خۆیان بۆ ئەنجومەنەکانی شارەوانی دیاریدەکەن؟ یاخود بەچ میکانیزمێک دیکە؟ ئەمە بۆشاییەکی ڕێکخستنە بەڕوونی لە پەیڕەوەکەدا ڕەنگی داوەتەوە. چونکە ئەوەی ئێستا کراوە تەنها نوێنەری سەندیکاو یەکێتی و ژوورەکانن و هیچ نوێنەرێکی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی تیادا نییە، ئەمەش پێشێلکارییەکی ئاشکرای خودی پەیڕەوەکەیە سەربارینایاساییەکانی دیکەی پەیڕەوەکە.

سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنەکانی شارەوانی لە دەقی ماددەی (سیازدەیەم) ئاماژەی بە وەداوە: "ئەنجومەنی وەزیران لەسەر ڕاسپاردەی وەزیر بۆی هەیە ئەنجومەنەکانی شارەوانی هەڵبوەشێنێتەوە"، لێرەدا سەرنجی خۆمان دەخەینەڕوو:

### ڕای توێژەر:

ئەگەر لەو گۆشەنیگایەوە تەماشای ئەنجومەنەکانی شارەوانی بکەین کە نوێنەری خەڵکن ئەوا پێدانی ئەو دەسەڵاتە بە ئەنجومەنی وەزیران کارێکی دروست نییە، ئەمە ئەگەر لە دۆخێکدا هەڵبژاردن بۆ ئەو ئەنجومەنانە بکرێت دەبێتە دژیەکییەکی گەورە لە بنەما دەستورییەکان و دژی پرەنسیپی لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانە، ئەم گرفتە یاساییە لە دەقی ماددەی (چل و نۆیەم) لە یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکانی ساڵی ١٩٩٣شدا هاتووە کە :"ئەنجومەنی وەزیران لەسەر پێشنیاری وەزارەتی شارەوانی ئەنجومەنی شارەوانی هەڵبوەشێنێتەوە"،کە ئەمە پێشێلکارییەکی زەقی دەستورو یاسایە، ناکرێت دەسەڵاتی جێبەجێکردن ئەنجومەنێکی هەڵبژێردراو هەڵبوەشێنێتەوە، کە لەلایەن خەڵکەوە متمانەیان پێدراوە.

---

[١] یاسای کۆمەڵەو ڕێکخراوەکانی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١٨)ی ساڵی ١٩٩٣

لێرەدا ئامارێکی کۆبوونەوەو بڕیارەکانی ئەنجومەنی شارەوانی سلێمانی دەخەینەڕوو کە لەلایەن سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی پێماندراوە لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٩ تا ٢٠٢٥):

| ساڵ | ژمارەی کۆبوونەوە | ژمارەی بڕیار |
|---|---|---|
| ٢٠٠٩ | ٧٥ | ٢٣٦٧ |
| ٢٠١٠ | ٥٧ | ١٨٩٩ |
| ٢٠١١ | ٤٦ | ١٧٧٣ |
| ٢٠١٢ | ٤٢ | ١٥١٠ |
| ٢٠١٣ | ٤٣ | ١١٤٤ |
| ٢٠١٤ | ٤٢ | ١٢٤٦ |
| ٢٠١٥ | ٣٩ | ٧٥٨ |
| ٢٠١٦ | ٤٠ | ٥١٨ |
| ٢٠١٧ | ٢٧ | ٥٥٨ |
| ٢٠١٨ | - | - |
| ٢٠١٩ | - | - |
| ٢٠٢٠ | - | - |
| ٢٠٢١ | - | - |
| ٢٠٢٢ | ٣٧ | ٢٣٤ |
| ٢٠٢٣ | ٥٠ | ٢٢٩ |
| ٢٠٢٤ | ٤٤ | ٢٣٧ |
| ٢٠٢٥ | ٣٩ | ٢٠٩ |

خشتەی کۆبوونەوەو بڕیارەکانی ئەنجومەنی شارەوانی سلێمانی

## تەوەری سێیەم

## پەیوەندی نێوان ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان (ئەنجومەنی پاریزگا – ئەنجومەنی شارەوانی)

لە هەرێمی کوردستاندا جگە لە ئەنجومەنی شارەوانییەکان ئەنجومەنی پارێزگاکانیش بەگوێرەی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ [١]پێکهێنراون لە پارێزگا گەورەکان، لەهەمان کاتیشدا ئەنجومەنی شارەوانییەکان بوونیان هەیە بەگوێرەی پەیڕەوی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٩ی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو ئەنجومەنانە کارا کراونەتەوەو ئێستا لەکاردان.

لەم تەوەرەدا هەوڵدەدەین باسی کاری هەریەک لەم ئەنجومەنانەو بەریەککەوتنی نێوان ئەنجومەنەکان بکەین، کە لەیەک شاردا دوو ئەنجومەن هەبێت و گرفتەکانی دوو ئەنجومەنی پیشان دەدەین. هاوکات بۆچوونی خۆمان بخەینەڕوو کە کام لەم دوو ئەنجومەنە زیاتر دەتوانێت وەڵامدەرەوە و نوێنەری ڕاستەقینەی خواستەکانی هاولاتیان بێت و خزمەتگوزاری پێشکەش بە هاونیشتمانیان بکات.

### یەکەم: ئەنجومەنی پارێزگا

مێژووی هەڵبژاردنی ئەم ئەنجومەنانە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٥ کە بەگوێرەی بڕیاری ژمارە (٧١)ی ساڵی ٢٠٠٤ی پۆڵ بریمەر حاکمی مەدەنی ئەمریکییەکان لە عێراق کە لەوکاتەدا بڕیارەکانی هێزی یاساییان هەبوو، بڕیاری ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی دەرکرد و لە ساڵی ٢٠٠٥ پرۆسەی هەڵبژاردن لە سەرتاسەری عێراق بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکان ئەنجامدرا، دواتر لەساڵی ٢٠٠٩ یاسایەکی تایبەتی لە هەرێمی کوردستان بۆ دەرچوێندرا [٢]، بەڵام نەتوانرا هەڵبژاردن بۆ ئەم ئەنجومەنانە بکرێت تا لەساڵی ٢٠١٤ هەڵبژاردنیان بۆ ئەنجامدراوەو و بەگوێرەی یاساکە پێویستبوو (٤ساڵ جارێک) واتە لەساڵی ٢٠١٨ هەڵبژاردنیان بۆ ئەنجام بدرایە، بەڵام هەڵبژاردن ئەنجام نەدرایەوە و ئەنجومەنەکان بەردەوامبوون لە کارەکانیان، تاوەکو دادگای باڵای فیدراڵی عێراق بەبڕیاری ژمارە (١٢٤/فیدراڵی/٢٠٢٣) لەڕێکەوتی (٢٤/٩/٢٠٢٣)[٣] بڕیاریدا بە هەڵوەشاندنەوەی ئەو ئەنجومەنانە، بەهۆکاری ئەنجامنەدانی هەڵبژاردن، بەوەش ئەو ئەنجومەنانە پەکخران تا هەڵبژاردنی داهاتوو[٤].

---

[١] یاسای پارێزگاکان ژمارە(٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ی هەمواركراو.

[٢] لە عێراقیش یاسای پارێزگاکانی نەبەستراو بە هەرێمەکان ژمارە (٢١)ی ساڵی ٢٠٠٨ دەرچوێندرا لە لایەن ئەنجومەنی نوێنەران.

[٣] بڕوانە بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی عێراق ژمارە (١٢٤/فیدراڵی/٢٠٢٣) لە ڕێکەوتی (٢٤/٩/٢٠٢٣).

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە توێژینەوەی د. مستەفا رەسوڵ حسین، نامەڵبەندێتی کارگێڕی و ڕەگەزەکانی لە یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩. ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان، ٢٠١٦[٤]

## دووەم: ئەنجومەنەکانی شارەوانی

ئەم ئەنجومەنانە لەهەرێمی کوردستاندا بوونیان هەیەو یاسا و پەیڕەوی تایبەت بەخۆیان هەیە، ئەگەر کار بە یاساکە بکرێت دەبێت هەڵبژاردن بۆ ئەم ئەنجومەنانە بکرێت، لە ئێستاشدا بە گوێرەی پەیڕەوی ئەنجومەنی وەزیران ئەم ئەنجومەنانە کاران و لە کاردان، واتە لەیەک کاتدا دوو ئەنجومەنی هەڵبژێرداو لەشاردا دەبێت، کە هەردوو ئەنجومەنەکەش کارەکانیان نزیکن لە یەکتری و بەشێکی کارەکانیان پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە بە هاوڵاتیان، بۆیە زۆرجار بەریەککەوتن ڕوو دەدات لە کاری ئەم ئەنجومەنانەوهاوکاری و هەماهەنگی وەک پێویست نییە.

لێرەدا لایەنە باشی و خراپییەکانی دوو ئەنجومەنی دەخەینەڕوو:

لایەنە باشییەکانی دوو ئەنجومەنی:

1-پیادەکردن و قوڵکردنەوەی دیموکراسی خۆجێی.
2-دروستبوونی کێبڕکێیەکی بەهێز بۆ ئەندامبوون لەم ئەنجومەنانە بەمەبەستی خزمەتکردنی زیاتری شار.
3-هێنانە پێشەوەی کادری بەتواناو لێوەشاوە لە ئیدارە و ئەنجومەنەکان، بەمەش شار بەرەو پێش دەچێت.
4-کەمکردنەوەی گەندەڵی و کاری نایاسایی بەوەی هەر (٤ساڵ جارێک) هاوڵاتیان دەتوانن سزای هەر کەس و حزب و لایەنێک بدەن کە کەمتەرخەمی نواندووە لە کارەکانی.
5-بەشداری و پێدانی ڕۆڵ بە هاونیشتمانیان لە دیاریکردنی نوێنەرانیان بۆ ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان.
6-کەمکردنەوەی دەستێوەردانی حزب لەکاری ئەنجومەنەکان بەوەی ئەندامان لەلایەن خەڵکەوە بەشێوەی ڕاستەوخۆ هەڵدەبژێردرێن نەک بەڕیوەبەرو سەرۆکی فەرمانگەکان کە حزب دایان دەنێت.

### لایەنە خراپییەکانی دوو ئەنجومەنی:

1-لەئێستادا ناتوانرێت هەڵبژاردن بۆ هیچ کام لەو دوو ئەنجومەنە بکرێت بەهۆی دۆخی سیاسی و یاسایی هەرێمی کوردستان.
2-ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردن تێچویەکی دارایی زۆری دەوێت کە حکومەتی هەرێم ئامادەنییە بیگرێتە ئەستۆ.
3-کارانەبوونی پەرلەمانی کوردستان بۆ هەموارکردنەوەی ئەو یاسا پەیوەندیدارانەی کە پێویستیان بە هەموار یاخود دەرچواندنی یاسای نوێ هەیە پێش هەڵبژاردن بۆ ئەو ئەنجومەنانە.
4-کارانەبوونی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی هەرێمی کوردستان بە هۆی تەواوبوونی ماوەی یاساییان.
5-ناکۆکی لایەنە سیاسییەکان لەسەر ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردن.
6-ترسی لایەنە سیاسییەکان لە ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردن و سزادانیان لە لایەن دەنگدەرانەوە.
7-بەفیڕۆدانی داهاتی گشتی و تەرخانکردنی تێچووی کاری ئەم ئەنجومەنانەو ئەندامان و دواتریش خانەنشینکردنیان بە پلەی تایبەت.
8-نەبوونی دەسەڵاتی فراوان لە یاساکانی ئەم ئەنجومەنانەدا بەجۆرێک کە ئەگەر هەڵبژاردنیشیان بۆ بکرێت بە بێ پێدانی دەسەڵاتی فراوان ناتوان ڕۆڵێکی کاریگەر بگێڕن.
9-دەسەڵاتی سیاسی دەتوانن لەڕێگای پەکخستنی پرۆسەی هەڵبژاردن ئەم ئەنجومەنانە پەکبخەن.

10-جۆرێک لە دژ یەکی لە دەسەڵاتەکانی ئەم دوو ئەنجومەنانەدا دروست ئەبێت کە دوو دامەزراوەی نزیکن لە یەکترین لە کاروبارەکانیاندا.

11-دابەشبوونی سیاسی زیاتر دروستدەکات لەلایەن هێزە سیاسییە رکابەرەکانەوە لە کاتی هەڵبژاردن بۆ هەردوو ئەنجومەنەکە.

لێرەدا چەند بۆچونێک دەخەینە ڕوو لەبارەی ئەوەی ئەگەر یەک ئەنجومەن بوونی هەبێت کام ئەنجومەن بمێنێتەوەو کام ئەنجومەن هەڵبوەشیندرێتەوە:

## یەکەم: ئەنجومەنی شارەوانییەکان هەڵبوەشیندرێتەوەو دەسەڵاتەکانی بدرێت بە ئەنجومەنی پارێزگا

ئەم بۆچوونە پێی وایە کە ئەنجومەنی شارەوانییەکان هەڵبوەشێندرێتەوەو دەسەڵاتەکانی بدرێت بە ئەنجومەنی پارێزگاو سەرۆکی شارەوانی لەکۆبونەوەکانی ئەنجومەنی پارێزگا ئامادەبێت و ئاگاداری گفتوگۆو بڕیارەکانی ئەنجومەن بێت.

ئەم بۆچونە پێیان وایە بەهۆی ئەوەی ئەنجومەنی پاریزگاکان لەسەر ئاستی پارێزگا ڕۆڵ دەگێرن دەتوانن نوێنەرایەتی هەموو خەڵک بکەن هاوکات وەک پەرلەمانێکی خۆجێی دەتوان کار بکەن و سەرجەم پۆستە کارگێڕییەکان لە ئەنجومەنی پارێزگاوە متمانەیان پێبدرێت و هەر ئەنجومەن خۆشی چاودیری کارەکانیان بکات و لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکات، یەکێکی دیکە لە پاساوەکانی ئەم گروپە بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی شارەوانییەکان ئەوەیە کە ناکرێت لە یەک شاردا دوو ئەنجومەن هەبێت کە تێچویەکی دارایی قورس دەخاتە سەر حکومەت.

یەکێکی دیکە لە گرفتەکانی دوو ئەنجومەنی بە بۆچوونی پشتیوانانی یەک ئەنجومەنی (ئەنجومەنی پارێزگا) پێیان وایە کە هیچ هاوکاری و هەماهەنگییەک لە نێوان ئەو دوو ئەنجومەنەدا بوونی نییە و بگرە زۆرجار ئەندامانی ئەم دوو ئەنجومەنە لە گفتوگۆو سیمینارو مێزگردەکاندا جۆرێک لە بەریەک کەوتن و توندی لەنێوانیاندا دروست دەبێت، لە ئاستی کرداریشدا هەماهەنگی لەنێوانیاندا نییە.

خاڵێکی بەهێزی پشتیوانی ئەم بۆچوونە ئەوەیە کە پەیوەندی هەیە لەنێوان ئەم دوو ئەنجومەنەدا بەوەی لە پەیڕەوی ژمارە (٢)ی سالی ٢٠١٩ بەروونی لەماددەی (دووەم/ یەکەم)دا هاتووە کە دەستنیشانکردنی جێگری سەرۆکی ئەنجومەن و ئەندامانی ئەنجومەن لە لایەن ئەنجومەنی پارێزگاوە دەبێت، بەمەش پێیان وایە ئەنجومەنی پارێزگا ئەنجومەنێکی فراوان و گەورەترە و چەترێکە بۆ ئەنجومەنی شارەوانیش، بۆیە ئەگەر ئەنجومەنەکانی شارەوانی کارابن پێویستە لەژێر چاودێری و لێپێچینەوەی ئەنجومەنی پارێزگادابن.

هەروەها لەدەقی ماددەی (سی و پێنجەم)ی یاسای پاریزگاکانی هەموارکراو هاتووە: " ئەنجومەنی پارێزگا ئەنجومەنەکانی شارەوانی بۆ یەکە کارگێڕییەکان بە پەیڕەوێکی تایبەتی پێکدێنێ کە ئەنجومەنی وەزیران لەسەر پێشنیاری وەزارەتی شارەوانی دەری دەکات". بەمەش دەڵێن کە پێویستە ئەنجومەنی پارێزگا بمێنێتەوەو پیادەی دەسەڵاتی ئەنجومەنەکانی شارەوانی بکات.

**دووەم: ئەنجومەنی پارێزگاکان هەڵبوەشیندرێتەوەو دەسەڵاتەکانی بدرێت بە ئەنجومەنی شارەوانی**

بۆچونێکیی دژ بە ئەنجومەنی پارێزگاکان سەریهەڵداوە کەپێی وایە ئەنجومەنی پارێزگاکان پێویستە هەڵبوەشیندرێنەوە و سەرجەم دەسەڵاتەکانیان بدرێت بە ئەنجومەنی شارەوانی، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێننەوە بۆ ئەوەی کە ئەنجومەنەکانی شارەوانی دامەزراوەی خزمەتگوزارین و پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە هاوڵاتیانەوە هەیە، هاوکات هاوڵاتیان دەتوانن بەشداری کۆبونەوەکانی ئەنجومەن بکەن و ڕاستەوخۆ گرفتەکانیان بگەیەنن بە دەسەڵاتی شار.

پاساوێکی دیکەیان ئەوەیە کە ئەنجامدانی دوو پرۆسەی هەڵبژاردن لەیەک شاردا کارێکی زەحمەتەو بارگرانی دارایی و مرۆیی دەخاتە سەر دامەزراوەکانی حکومەت، وە وای بۆ دەچن کە دامەزراوەکانی وەک (پەرلەمانی کوردستانو دیوانی چاودێری دارایی و دەستەی دەستپاکی و داواکاری گشتی) دەتوانن چاودێری کارەکانی ئەنجومەنی شارەوانی بکەن بۆیە پێویستمان بە دوو ئەنجومەنی هەڵبژێردراو نییە لەشاردا.
لە تەوەری چوارەمدا لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی ئەم ڕێگایە بە وردتر دەخەینەڕوو.

**لامەرکەزییەتی دارایی ئەنجومەنەکان:**

یەکێک لە گرنگترین ئامڕازەکان بۆ پێوانی ئاستی توانا و کارایی هەر دامەزراوەیەک بریتییە لە ئاستی دەسەڵاتی دارایی و توانای خەرجکردنی ئەو دامەزراوەیە، بە تێڕوانین لە یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکان بۆمان ڕوندبێتەوە کە دەسەڵاتی ئەنجومەنەکانی شارەوانی و هەروەها شارەوانییەکان کەمن، هەروەها بەسەرنجدان لە یاسای داهاتی شارەوانییەکان[١] بەشێک لەدەسەڵاتی دارایی تەرخانکراوە بۆ شارەوانییەکان، کە لەئاستی پێویستدا نین، بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی لە هەرێمی کوردستاندا تا ئێستاشی لەگەڵدابێت بڕوایەکی بەهێز بە مەرکەزییەتی دارایی بوونی هەیە لای دەسەڵاتدارانی باڵای ئەم هەرێمە، داهاتەکان گەڕێندراوەتەوە بۆ وەزارەتی دارایی و تا لە ڕێی ڕۆتین وڕێنماییەکانی داراییەوە بودجە دابین بکرێت بۆ پرۆژەکان، کە زۆرجار بەکەم و کوڕی و دواخستنەوە دابینکراوەو کێشەکان ئەوەندەیتر گەورەبوون و زەرەری مادی و مەعنەوەی زۆری داوە[٢].

**ڕای توێژەر:**

هەمیشە عەقڵییەتی حوکمڕانی لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا بوونی لامەرکەزی دارایی وەک مەترسی تەماشا کردووە نەک دەرفەت بۆ پێشخستنی کەرتی گشتی و بەتایبەت کەرتی خزمەتگوزاری، زۆرجارێش بابەتی لامەرکەزی دارایی بۆتە کەرستەی ململانێ حزبە سیاسییەکان، هاوکات دەقی یاساکانیش زیاتر مەرکەزییەتێکی قوڵی تیادا دەبینرێت، کە داهاتەکان لە ناوەند کۆبکرێنەوە، ئەم بیرکردنەوەیە لەعێراقیشدا بەڕوونی درکی پێدەکرێت،کە ڕێگە نادات هەرێمی کوردستان سەربەخۆیی دارایی هەبێت و ڕێگری بۆ دروستدەکات بۆ گەشەکردنی ئەم هەرێمە فیدڕاڵییە، و لەبنەڕەتدا بڕوایان بە سیستمی فیدڕاڵی و دەسەڵات بە هەرێمەکان نییە، نەبوونی دەسەڵاتی دارایی بەیەکێک لە گرفتە سەرەکییەکانی پێشنەکەوتنی کەرتی گشتی و خزمەتگوزاری دادەنرێت لە هەرێمی کوردستان، بەڵام ئەم بابەتە نەبۆتە خەمی گشتی و کاری لەسەرنەکراوە.

---

[١] یاسای داهاتی شارەوانییەکان ژمارە (١٣٠)ی ساڵی ١٩٦٣

[٢] خەسرەو کمال ئەحمەد، هەڵسەنگاندنی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، ٩/١/٢٠١٩،لاپەڕە ١٤ (بڵاونەکراوە- غیر منشور)

## تەوەری چوارەم

## میکانیزمی نوێ بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی شارەوانییەکان و دووبارە پێکهێنانەوەیان

لەم تەوەرەدا هەوڵدەدەین چەند میکانیزمێک بخەینەڕوو بۆ هەڵبژاردن و دواتر پێکهێنانی ئەنجومەنەکانی شارەوانی بەگوێرەی ئەو ڕێگەچارە نوێیانە:

**یەکەم: ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی بۆ ئەنجومەنەکانی شارەوانی**

بۆ دەربازبوون لەم دۆخە نایاساییەی ئەنجومەنەکانی شارەوانی تێی کەوتون یەکێک لە ڕێگەچارەکان بریتییە لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی بۆ ئەنجومەنەکانی شارەوانی بە گوێرەی یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکان، سەرلەنوێ ئەنجومەنەکان پێکبهێنرێنەوە و کاروبارەکانیان بەگوێرەی یاسا ڕایی بکەن، ئەمەش دەرفەتێکە بۆ زیاتر چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراسی و چەسپاندنی سەروەری یاسا، بەمەش زیاتر هەرێمی کوردستان بەرەو دامەزراوەیی بوون دەچێت، هاوکات بەشداری خەڵک وڕۆڵ پێدان پێیان لە پرۆسەیەکی گشتی.
خراپییەکانی ئەم ڕێگایە:

1-کارانەبوونی پەرلەمانی کوردستان بۆ هەمووارکردنەوە یاخود دەرچواندنی یاسایەکی نوێ پێش ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردن، چونکە یاسای بەڕیوەبردنی شارەوانییەکان یاسایەکی کۆنەو پێویستی بە هەموارکردنەوە هەیە و هەڵبژاردن بەم یاسا کۆنە ناتوانێت وەڵامدەرەوەی خواستەکانی هاونیشتمانیان بێت.
2-هەڵبژاردن تێچوویەکی دارایی زۆری پێویستەو حکومەت ئامادەنییە ئەو تێچووە بخاتە ئەستۆی خۆی[١].
3-کاتێکی زۆری دەوێت و ئامادەکاری لۆجستی ومرۆیی پێویستە.
4-کارانەبوون و پەککەوتنی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی لە هەرێمی کوردستان[٢] بە هۆی تەواوبوونی ماوەی یاساییان و کارانەبوونی پەرلەمانی کوردستان بۆ سەرلەنوێ متمانەپێدانی ئەنجومەنی کۆمسیاران تا بتوانێت هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنەکانی شارەوانی ئەنجام بدات، بەڵکو دەبێت لەڕێگای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق ئەنجامبدرێت[٣].
5-دۆخی سیاسی ئێستای هەرێمی کوردستان و ناوچەکە لەبار نییە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی، بەتایبەت کە ماوەیەکی زۆر بەسەر هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان کە لەڕێکەوتی (٢٠/١٠/٢٠٢٤) ئەنجامدرا تێپەڕیوە، و تا ئێستا دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان و کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێکنەهێنراوە.
6-ئەگەر ئەم ڕێگایە بگیرێتەبەر دوو ئەنجومەنی هەڵبژێردراو لەیەک کاتدا بوونیان دەبێت کە بریتیین لە (ئەنجومەنی شارەوانی و ئەنجومەنی پارێزگا) کە ئەمەش جۆرێک لە دژیەکی و لەیەکگیران لە کارەکانی ئەو دوو ئەنجومەنە ڕوودەدات.

---

[١]هەڵشۆ عەبدولفەتاح، محمد ڕەسوڵ و ئەنوەر تاهیر و ئەوانی تر، پەیپەری ئەنجومەنی شارەوانی و ڕێگاکانی چارەسەر،گروپی 3P ، ٢٠١٩، لاپەرە ٤.
[٢] بڕوانە یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٤.
[٣] بڕوانە یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە عێراق ژمارە (٣١)ی ساڵی ٢٠١٩ی هەموارکراو.

**دووەم: دەرچواندنی یاسایەکی نوێ بۆ ئەنجومەنەکانی شارەوانی**

یەکێک لەڕێگا چارە گرنگەکان بریتییە لە دەرچواندنی یاسایەکی نوێ لە پەرلەمانی کوردستان بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی شارەوانی، و هەڵوەشاندنەوەی یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکان ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٣ی هەموارکراو، لەم یاسا نوێیەدا شێوازی هەڵبژاردن و پێکهاتەی ئەنجومەنەکان و مەرجی ئەندامێتی و مەرجی سەرۆکی ئەنجومەن وپلەی شارەوانییەکان و ژمارەیان و دەسەڵاتی ئەنجومەنەکانی شارەوانی و شارەوانییەکان و دەسەڵاتی سەرۆکی ئەنجومەن دیاری بکرێت. هەروەها ڕێگاکانی پێکهێنانی ئەم ئەنجومەنانە ئایا بەڕێگای هەڵبژاردنی گشتی دەبێت یاخود بە ڕێگای دانان (تعيين) دەبێت، یاخود تێکەڵکردنی هەردوو ڕێگاکە واتە بەشێک لە ئەندامان بە هەڵبژاردن دیاری بکرێن و بەشێکی دیکەیان بە دانان دابنرێن، ئەمەش دەبێت بە ڕوونی لە یاساکەدا جێگیر بکرێت.

**خراپییەکانی ئەم ڕێگایە:**

1-لەئێستادا پەرلەمانی کوردستان کارا نییە و ناتوانرێت یاسایەکی نوێ بۆ ئەنجومەنەکانی شارەوانی دەربچوێنرێت.

2-لەبنەڕەتدا دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان باوەڕیان بە پرۆسەی هەڵبژاردن و دیموکراسی نییە بۆیە بە تێروانین بۆ هەموو هەڵبژاردنی (پەرلەمانی کوردستان، ئەنجومەنی پارێزگا، ئەنجومەنی شارەوانی، سەندیکاو کۆمەڵەکان) هیچکامیان لە کاتی خۆیاندا ئەنجامنەدراون.

3-ئەم ڕێگایە تێچووی دارایی زۆرە، ئەجامدانی هەڵبژاردن تێچویەکی زۆی ئەوێت کە لە ساڵی ٢٠١٤ەوە قەیرانی دارایی و دواکەوتنی موچەو کێشەی بودجەی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق بەرۆکی هەرێمی کوردستانی گرتووە، بێگومان لەم دۆخەدا حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەنییە بچێتە ژێر باری تەرخانکردنی ئەو تێچووە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی ڕاستەوخۆ بۆ ئەنجومەنەکانی شارەوانی.

4-ئەم ڕێگایە کاتێکی زۆری پێویستە بۆ پرۆسەی هەڵبژاردن و دیاریکردنی ڕۆژی هەڵبژاردن و ئامادەکاری و بانگەشەو ڕۆژی هەڵبژاردن، جیاکردنەوەی دەنگ ، توانای مرۆیی و لۆجستی ،.....هتد.

5-بۆ دەرچواندنی یاسایەکی نوێ پێویستە لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان سازان بکەن لەسەر یاساکە و تێروانینەکان یەکبخرێت، لەدۆخی ئێستاشدا ئەمە بە دوور دەبینرێت.

6-بوونی دیدگای جیاواز بۆ ئەنجومەنی شارەوانییەکان، کە هەندێک کەس و لایەن ڕەنگە لەم قۆناغەدا لەگەڵ دەرچواندنی یاسای نوێ نەبن، یاخود لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی ئەم ئەنجومەنانەدابن، بەمەش ناتوانرێت یاسایەکی نوێ بە ئاسانی لە دایک ببێت.

7-کارانەبوونی کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردن وڕاپرسی لە هەرێمی کوردستان.

**سێیەم: جێگیرکردنی ئەو واقیعەی ئێستا هەیە لە یاسادا بە هەموارکردنەوەی یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکان ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٣**

یەکێکی دیکە لە ڕێگە چارەکان بریتییە لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو دۆخەی کە ئێستا ئەنجومەنەکانی شارەوانی تێیدان، ئەویش بەوەی بەرگێکی یاساییان بە بەردا بکرێت، کە بریتییە لە هەموارکردنەوەی یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکان بەوەی کە میکانیزمی هەلبژاردن بگۆڕدرێت بەم میکانیزمەی ئێستای ئەنجومەنەکان کە بریتییە لە (دیاری کردنی ئەندامەکان بەشێوەی دانان- تعيين)، ئەو فەرمانگانەی کە زیاتر خزمەتگوزارین و پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بەخەڵکەوە هەیە لەم ئەنجومەنەدا ببنە ئەندام وەک فەرمانگەکانی (ئاو،کشتوکاڵ، کارەبا، ژینگە، پەروەردە، ،...)، یاخود ئەنجومەنەکان بەم پێکهاتەیەی ئێستایانەوە بەردەوامبن.

**باشییەکانی ئەم ڕێگایە:**

ئەم ڕێگەیە چەند لایەنێکی باشی و ئەرێنی هەیە لەوانە:

1-ئەم ڕێگەیە کاتی زۆری ناوێت.

2-ئەم ڕێگەیە تێچووی دارایی زۆری پێویست نییە.

3-بەرگێکی یاسایی بە بەری ئەم ئەنجومەنانەدا دەکرێت و لەو نایاساییەی تێیکەتوون ڕزگاریان دەبێت.

4-دەکرێت جۆرێک لە هەماهەنگی و هاوکاری لە نێوان فەرمانگەکانی حکومەت بکرێت بەهۆکاری ئەوەی زۆربەی بەڕێوەبەرو سەرۆکی فەرمانگەکان ئەندامی ئەو ئەنجومەنەن، بەمەش ئاگاداری کێشەکانی شاردەبن و کات کەمتر بەفیڕۆ دەدرێت بۆ چارەسەرکردنیان.

**لایەنی خراپی:**

1-دژی بنەماکانی دیموکراسییە و لێسەندنەوەی ڕۆڵ و بەشداری خەڵکە بۆ دیاریکردنی نوێنەرەکانیان بۆ ئەنجومەنەکانی شارەوانی.

2-بێڕۆڵکردنی ئەنجومەنەکانی شارەوانی لەدەزگایەکی هەڵبژێردراوەوە بۆ دەزگایەکی دانراوی بێ کاریگەر.

3-ئەنجومەنەکان لەژێر چەتری دەسەڵاتی جێبەجێکردن (وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار) دەمێننەوەو سەربەخۆییان نابێت.

4-لاوازی ئەنجومەنەکان و نەبوونی ئەزموون: کە ژمارەیەک کەس دەبنە ئەندام کە رەنگە هیچ شارەزایی و پسپۆریەکیان لە کارەکەدا نەبێت، بەڵکو لەبنەڕەتدا لەجێگا وفەرمانگەی دیکە کار دەکەن و شارەزای کاری شارەوانییەکان نین.

5-نەبوونی پابەندێتی (ئیلتزام) بە کارەکانی ئەنجومەن لەلایەن ئەندامانەوە، لەبەرئەوەی ئەندامان بەڕێوەبەرو سەرۆکی فەرمانگەکانن و ناتوانرێت وەک پێویست پابەندیان بکەیت بە کاری ئەنجومەن، بەڵکو زیاتر سەرقاڵی ڕاییکردنی کاری فەرمانگەکانی خۆیانن، نەک کاری ئەنجومەن.

6-کەمکردنەوەی تواناکان: لەبەرئەوەی لەم حاڵەتەدا ئەندامانی ئەنجومەن خۆیان تەرخان ناکەن بۆ کارەکانیان وە ئەنجومەن وەک کاری دووەم و کارێکی لاوەکی سەیر دەکەن چونکە ئەندامان کاری سەرەکییان لە فەرمانگەکانی دیکەیە بۆیە ئەنجومەن تەنها ناوێکی بێناوەڕۆک دەبێت، بەڵام ئەگەر ئەندامەکان بە هەڵبژاردن دیاریبکرێن جۆرێک لە خۆ تەرخانکردن بۆ کاری ئەنجومەن دێتە کایەوە.

## چوارەم: دروستکردنی ئەنجومەنی شار لە کۆکردنەوە و یەکخستنی هەردوو دامەزراوەی ئەنجومەنی پارێزگاکان و ئەنجومەنەکانی شارەوانی:

یەکێکی دیکە لە ڕێگەچارەکان بۆ پێکهێنانەوەی ئەنجومەنەکانی شارەوانی بەشێوازێکی نوێ و کاریگەر بریتییەلە یەکخستنی هەردوو ئەنجومەنەکەی شار لەیەک ئەنجومەندا بەناوی (ئەنجومەنی شار) کە هەڵبژاردنی گشتی بۆ ئەو ئەنجومەنە بکرێت و ئەندامەکانی بە هەڵبژاردنی گشتی ڕاستەوخۆ دیاری بکرێن، بەوەی هەردوو یاسای پارێزگاکان و یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکان هەڵبوەشێندرێنەوەو یاسایەکی نوێ و گشتگیر بۆ ئەنجومەنی شار لە پەرلەمانی کوردستان دەربچوێندرێت، و ژمارەی ئەندام و دەسەڵات و ڕۆڵی ئەنجومەنەکان بە وردی لە یاساکەدا دیاری بکرێت.

بۆ ئەمەش پێویستە یاسای وەزارەتی ناوخۆ هەمواربکرێتەوە، هاوکات پارێزگار و قایمقام و بەڕیوەبەری ناحیەو بەڕیوەبەرانی گشتی لەلایەن ئەنجومەنی شارەوە متمانەیان پێبدرێت، سەرۆکی ئەنجومەنیش بە زۆرینەی ڕەها لەلایەن ئەم ئەنجومەنەوە هەڵبژێردرێت.

**لایەنە ئەرێنییەکانی ئەم ڕێگایە:**

1-ئەنجومەنی شار دەبێتە کۆکەرەوەی هەردوو ئەنجومەنەکە، یەک ئەنجومەنی خاوەن دەسەڵات و کارا لە شاردا بوونی دەبێت.
2-ئەنجومەنێکی سەربەخۆمان دەبێت کە سەر دەسەڵاتی جێبەجێکردن و وەزارەتی شارەوانی نابێت و تەواو سەربەخۆ دەبێت.
3-ئەنجومەن دەبێتە خاوەن کەسایەتی یاسایی خۆی.
4-ئەم ئەنجومەنانە خاوەن دەسەڵاتێکی فراوان دەبن لە رووی کارگێڕی و دارایی.
5-دەستکراوەیی لە گەیاندنی خزمەتگوزاری بە هاوڵاتیان.
6-کەمکردنەوەی تێچوی دارایی کە لە دوو ئەنجومەنیدا بوونی هەیە.
7-ئەم ئەنجومەنە بەهەڵبژاردن دیاری دەکرێن و بەهۆیەوە دیموکراسی بەرقەرار دەبێت.
8-ئەم ئەنجومەنانە دەکەونە بەر چاودێری دەزگاکانی(داواکاری گشتی، دەستەی دەستپاکی، چاودێری دارایی، پەرلەمانی کوردستان).

**لایەنە نەرێنییەکانی ئەم ڕێگایە:**

1-ئەم ڕێگایە پێویستی بە ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردنی گشتی هەیەو ترس هەیە لە دواکەوتنی پرۆسەکە لەهەرێمی کوردستان، یاخود لە لایەن حزبە دەسەڵاتدارەکانی هەرێمی کوردستان ڕێگری لەئەنجامدانی هەڵبژاردن بکەن، بەمەش ئەم دامەزراوەیە پەک بخرێت.
2-هەڵبژاردن تێچووی دارایی زۆری دەوێت و پێویستی بە سەرچاوەی مرۆیی و لۆجستی زۆر هەیە.
3-بۆ ئەم ڕێگا چارەیە پێویستمان بە دەرچواندنی یاسایەکی نوێ و هەموارکردنەوەی چەند یاسایەکی دیکە هەیە. لە ئێستادا پەرلەمانی کوردستان کارا نییەو ناتوانرێت یاسای نوێ دابڕێژرێت و یاسا هەمواربکاتەوە.
4-بوونی ناکۆکی نەیار بۆ ئەم ڕێگەچارەو میکانیزمە سەبارەت بە یەکخستنی دوو ئەنجومەنی لە شاردا و کۆکردنەوەیان لەیەک ئەنجومەندا .

## پێنجەم: هەڵوەشاندنەوەی پۆستی پارێزگارو پێدانی دەسەڵاتەکانی بەسەرۆکی شارەوانی

ئەم ڕێگایە پێچەوانەو دژ دەوەستێتەوە لەگەڵ دەستوری عێراق[1] و یاسای پارێزگاکان[2] و یاسای ئیدارەی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوەی ساڵی٢٠٠٤ [3]، کە هەیکەلیەتی ئیداری و سەرۆکی یەکە کارگێڕییەکانی دیاریکردوە لە پارێزگاو قەزاو ناحییە پێکدێت و نەک دەسەڵاتی پارێزگار لەلایەن سەرۆکی شارەوانییەوە پیادەبکرێت[4].
لایەنە ئەرێنییەکانی ئەم ڕێگاچارەیە:

1-پێدانی دەسەڵاتێکی زۆر بە سەرۆکی شارەوانی و دەستکراوەیی لەخزمەتکردنی شار و هاوڵاتیان.
2-کەمکردنەوەی ڕۆتین.

3-کەمکردنەوەی تێچووی دارایی.
4-کەمکردنەوەی کات و خێرایی لە بڕیار.
5-ئەم ڕێگەچارەیە شێوازێکی نوێیە هاوشانی وڵاتانی پێشکەوتوو لە جیهان و ناوچەکە و وڵاتانی دراوسێ پەیڕەو دەکرێت.

---

[1] دەستوری عێراق 2005 ، ماددەی (١١٦)
[2] ماددەی یەکەم / هەشتەم یاسای پارێزگاکان ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩
[3] یاسای ئیدارەی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوەی ساڵی٢٠٠٤
هاوکات لەیاسای پارێزگاکانی عێراق ژمارە (١٥٩) ی ساڵی ١٩٦٩ شدا لەماددەی یەکەم/٣ هاتووە کەسەرۆکی یەکەی کارگێڕی پێکدێت لە: (پارێزگار، قایمقام، بەڕێوەبەری ناحیە)[4]، هەروەها دەقی ماددەی یەکەم لە یاسای پارێزگاکانی نەبەستراو بە هەرێمەکان لە عێراق ژمارە (٢١)ی ساڵی ٢٠٠٨ .

## شەشەم: کۆکردنەوەی چەند یاسایەکی پەیوەندیدار بە شارەوانی لەیەک یاسادا

لەم ڕێگەچارەیەدا هەموو ئەو یاسایانەی کە ڕاستەخۆ پەیوەندیدارن بە شارەوانی و خزمەتگوزارییەوە لە یەک یاسادا کۆبکرێنەوە، لەوانە (یاسای ئیستملاک (خۆماڵەکردن)، یاسای زیادەڕەوی، یاسای کۆکردنەوەی داهاتی شارەوانییەکان ،.........) چەند یاسایەکی دیکە، کە یاسایەکی گشتگیریان بۆ دەربچوێنرێت لە پەرلەمانی کوردستان، و دەسەڵاتێکی فراوانی دارایی و کارگێڕی بدرێت بە ئەنجومەنەکانی شارەوانی و شارەوانییەکان کە بتوانن خزمەتی شارو هاوڵاتیان بکەن.

**لایەنە ئەرێنییەکانی ئەم ڕێگاچارەیە:**

1-پێدانی دەسەڵات بە ئەنجومەن و شارەوانییەکان.
2-کۆکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە ئەنجومەندا.
3-کەمکردنەوەی ڕۆتین.
4-گەڕاندنەوەی کات و خیرایی لە ئەنجامدانی ڕێکارەکان.
5-تێگەیشتن لە کاری ئەنجومەن و ڕوونەدانی ڕا جیاوازی و دژ یەکی لەکاری فەرمانگەکانی حکومەت.

**لایەنە نەرێنییەکانی ئەم ڕێگاچارەیە:**

1-ئەم ڕێگاچارەیە پێویستی بە دەرچواندنی یاسای نوێ و هەموارکردنەوەی یاسا هەیە، لەئێستادا ئەم ڕێگاچارەیە بەقورس دەبینرێت.
2-کۆکردنەوەی سەرجەم دەسەڵاتەکان لە یەک دامەزراوەدا بەبێ چاودێری کارێکی گونجاو نییە.

**ڕای توێژەر:**

وەک چارەسەرێک بۆ گرفتی دوو ئەنجومەنی و نا کارایی وبێ دەسەڵاتیان، لەگەڵ بوونی یەک ئەنجومەنی بەهێزداین لە شاردا، هەرچەندە ئەم ڕێگەچارەیە کۆسپ وگرفتی زۆری دێتەبەر، و پێویستی بە هەڵوەشاندنەوەی چەند یاسایەک و دەچواندنی یاسایەکی نوێ هەیە، هاوکات لە ماددەی (١٢٢) ی دەستور بە دەق باسی ئەنجومەنی پارێزگاکانی کردووە کە پارێزگار لەناو ئەو ئەنجومەنەوە دیاریدەکرێت، بەڵام هیچ گرفتێکی یاسایی ودەستوری لەوەدا نابینین کە یەک ئەنجومەن بە ناوی (ئەنجومەنی شار) بوونی هەبێت و پارێزگار لەو ئەنجومەنەوە هەڵبژێردرێت و ئەنجومەنی شار دەسەڵات و تایبەتمەندییەکانی هەردوو ئەنجومەکە پیادەبکات و ئەندامەکانی بە هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆ لەلایەن گەلەوە دیارییکرێن.

## دەرەنجام

1-لەیاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکان ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٣ی هەموارکراو، میکانیزمی هەڵبژاردنی جێگیرکردووە بۆ پێکهێنانی ئەنجومەنەکانی شارەوانی، بەڵام بەهۆی دۆخی سیاسی و ئیداری لە هەرێمی کوردستان تەنها یەک جار ئەم میکانیزمە پەیڕەوکراوە و دواتر گۆڕانکاری بەسەر میکانیزمەکە هێنراوە بە نایاسایی.

2-یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکان کەموکوڕی زۆری تیادایەو پێویستمان بە دەرچواندنی یاسایەکی نوێ یاخود هەموارکردنەوەی یاساکە هەیە بەجۆرێک کە بتوانێت خزمەتی شارو هاوڵاتیان بکات و لەگەڵ دۆخی ئەمڕۆدا بگونجێت.

3-هەردوو حیزبی دەسەڵاتداری هەرێمی کوردستان (پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان) لەهەردوو سەردەمی دوو ئیدارەیی و دواتریش لە یەکگرتنەوەی کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەساڵی ٢٠٠٦ نەیانویستووە هەڵبژاردن بۆئەم دامەزراوە گرنگە بکرێت و پێشێلی یاسایان کردووە و لەخەمی خزمەتکردنی هاوڵاتیان و بەدامەزراوەییکردنی دەزگاو ئەنجومەنەکانی هەرێمی کوردستاندا نەبوون.

4-هەردوو پەیڕەوی دەرچوو لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٧ و پەیڕەوی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٩ بەتەواوەتی نایاساییـن و هیچ بنەمایەکی یاساییان تێدا نییە.

5-یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکان یاسایەکی کۆنەو تەنها یەک هەڵبژاردنی پێئەنجامدراوە و نەیتوانیوە وەڵامدەرەوەی خواستەکانی هاوڵاتیان بێت و بۆ بەرەو پێشبردنی کەرتی خزمەتگوزاری پێویستمان بەگۆڕانکاری ڕیشەیی هەیە لەویاسایەدا بە هەڵوەشاندنەوەی یاساکە یاخود هەموارکردنەوەو پێدانی دەسەڵاتی زیاتر بەو دامەزراوە گرنگە.

6-لە یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانی و هەردوو پەیڕەوەکەی ئەنجومەنی وەزیراندا ئەنجومەنی شارەوانییەکان خاوەنی دەسەڵاتی دارایی نین، بەمەش بەبێ بوونی دەسەڵاتی دارایی ئەو ئەنجومەنانە وەک پێویست نەیانتوانیوە ڕۆڵ بگێڕن، بۆیە بەپێویستی دەزانین لە کاتی دەرچواندنی یاسایەکی نوێ یاخود هەمواری یاساکەدا دەسەڵاتێکی فراوانی دارایی (لامەرکەزییەتی دارایی) بدرێت بە ئەنجومەنەکانی شارەوانی و دەسەڵاتی کۆکردنەوەی داهات و خەرجییەکانی شار یاخود بەشێکی زۆر لە بڕیاری خەرجکردنی شاریان پێبدرێت.

7-بەگوێرەی پەیڕەوەکەی ئەنجومەنی وەزیران هیچ خۆتەرخانکردنێکی تیادانییە بۆ ئەندامانی ئەنجومەن، بەڵکو زۆرینەیان نوێنەری فەرمانگە حکومییەکان و یەکێتی و سەندیکاو ڕێکخراوە ناحکومییەکانن، ئەمەش لەڕۆڵ و پێگەی ئەو ئەنجومەنانەی کەمکردۆتەوە لەبەئەوەی ئەگەر ئەندامی ئەنجومەن خۆی تەرخانکرد بۆ کارەکەی ئەوا بەکارەکان ڕادەگات و دەتوانێت خزمەتی زیاتری هاوڵاتیان بکات، بەڵام ئەگەر وەک ئەوەی لە پەیڕەوەکەی ئەنجومەنی وەزیراندا هاتووە کە ئەندامەکان نوێنەری فەرمانگەو دامەزراوەکانی دیکەن ئەوا کاری ئەنجومەن وەک کارێکی لاوەکی تەماشا دەکەن نەک کارێکی سەرەکی، خۆ تەرخان نەکردن بۆ کارەکانیان کاردەکاتە سەر کاری ئەنجومەن و ڕۆڵی لاواز دەکات.

8-کاراکردنەوەی ئەنجومەنەکانی شارەوانی بەو شێوەیەی ئێستا نەیتوانیوە خزمەت بە هاوڵاتیان بکات وبێ ڕۆڵ کاریگەربوون.

9-بوونی دوو ئەنجومەن لە شاردا بۆتە بارگرانی دارایی و یاسایی بۆ حکومەت، و لە لایەکی دیکەوە زۆرجار ئەم ئەنجومەنانە نەیانتوانیوە وەک پێویست هاوکاری و هەماهەنگی هەبێت لە نێوانیاندا بۆیە پێویستە ئەم دوو ئەنجومەنە یەکبخرێن و دەسەڵاتەکانیان لەیەک ئەنجومەندا کۆبکرێتەوە.

10-یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکان مەرجە سادەکانی سەرۆکی ئەنجومەن و ئەندامان بۆ دۆخی ئێستا ناگونجێت و پێویستە ئەو ئەنجومەنانە لەلایەن کەسانی پسپۆڕ و خاوەن لێوەشاوەیی و شارەزا بەڕێوەببرێن کە خاوەن دیدی نوێ بن بۆ خزمەتی شارو گەشەکردنی، پێویستە مەرجی ئەندامێتی بە وردی لە یاسای نوێدا دیاریبکرێت.

11-ئەزمونی ئەم ئەنجومەنانەی ئێستا لە کاردان نیشاندەری ئەوەن کە لەبەرئەوەی ئەندامانی ئەنجومەن لە هەمان کاتدا سەرۆکی فەرمانگە حکومییەکانن بۆیە کارەکانی ئەنجومەنیان وەک کاری لاوەکی (ثانوي) وەرگرتووەو گرنگییەکی ئەوتۆیان پێنەداوە و بگرە شارەزایی پێویستیان لەکاری ئەنجومەن نەبووە.

12-دیاریکردنی ئەندامانی ئەنجومەن لە سەندیکاکان پێویستی بە وردی زیاترەو پێویستە لەسەر بنەماو میکانیزمی لێوەشاوەیی و ڕوونێتی (شەفافییەت) دیاری بکرێت و بەشێوەی دەوری بێت، نەک (٤ ساڵ) لەبەرئەوەی ئەو ئەندامانە خۆیان تەرخان ناکەن بۆ کارەکانیان (غير متفرغ) بۆیە پێویستە بەشێوەی دەوری بگوڕدرێن، هەروەها ڕێگری بکرێت لە دروستبوونی بەرژەوەندی کەسی و پیشەیی بەهۆی ئەندامێتی لە ئەنجومەنداو چاودێری ئەدائی کارەکانی بکرێت لە لایەن سەندیکاکانیانەوە هەروەها لەلایەن دەزگای داواکاری گشتی و دەستەی دەستپاکی و پەرلەمانی کوردستانەوە.

13-پەیرەوی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٩ دا هیچ میکانیزمێکی دیارینەکردووە بۆ شێوازی دیاریکردنی نوینەری ڕێکخراوە ناحکومییەکان و سەندیکاو کۆمەڵە و یەکێتییەکان و تێکەڵییەکی زۆری پێوەدیارە، لە کاتێکدا لە هەرێمی کوردستان بە دوو یاسای جیاواز ڕێکخراون و ئەرک و ڕۆڵیان جیاوازن.

## ڕاسپاردەکان

1-بەپێویستی دەزانین یاسایەکی نوێ  لە پەرلەمانی کوردستان بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی شارەوانی دەربچوێندرێت، کە لەئاستی گرنگی ئەو دامەزراوەیەدا بێت، و دەسەڵاتەکانی ئەنجومەن و شارەوانییەکانیش دیاری بکات، بەجۆرێک بتوانێت وەڵامدەرەوەی خواستی هاوڵاتیان بێت و ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان بەرزبکاتەوە وەک وڵاتانی پێشکەوتوو وەک فەڕەنسا یاخود وڵاتانی دراوسێ وەک تورکیا و ئێران.

2-لە حاڵەتی نەتوانینی جێبەجێکردنی پێشنیاری خاڵی یەکەمدا بەدەرچواندنی یاسایەکی نوێ، ئەوا یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکان لەهەرێمی کوردستان ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٣ هەمواربکرێتەوەو دەسەڵاتی ئەنجومەن و میکانیزمی نوێی تیادا  بە وردی جێگیر بکرێت بەجۆرێک بتوانێت پێکهێنانی ئەنجومەنەکان بەگوێرەی ئەو یاسایەبێت.

3-پێشنیار دەکەین لەکاتی دەرچواندنی یاسایەکی نوێ یاخود هەموارکردنەوەی یاساکەدا ئەو یاسایانەی پەیوەندیدارن بە کاری ئەنجومەن و شارەوانییەکان لەیاساکەدا کۆبکرێنەوە، بەمەبەستی خێراتر کردنی کارەکانی ئەنجومەن و پێدانی دەسەڵاتی زیاتر بە ئەنجومەن و شارەوانییەکان و کەمکردنەوەی ڕۆتین.

4-زۆر گرنگە دەستبەجێ پەیڕەوی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٩ ی هەڵبوەشێندرێتەوە کار بۆ سازدانی هەڵبژاردنی گشتی ڕاستەوخۆ بۆ ئەنجومەنەکانی شارەوانی بکرێت.

5-پێشنیار دەکەین بە یەکخستنی هەردوو ئەنجومەنی شار (ئەنجومەنی پارێزگا و ئەنجومەنی شارەوانی) و کۆکردنەوەی دەسەڵاتەکانیان لە یەک ئەنجومەندا بەناوی (ئەنجومەنی شار)، بەمەبەستی یەکخستنی تواناکان و بەرەوپێشبردنی کەرتی خزمەتگوزاری و بوونی دەسەڵاتێکی فراوان.

6-بەپێویستی دەزانین لە کاتی دەرچواندنی یاسایەکی نوێ یاخود هەمواری یاساکەدا، دەسەڵاتێکی فراوانی دارایی (لامەرکەزییەتی دارایی) بدرێت بە ئەنجومەنەکانی شارەوانی و دەسەڵاتی کۆکردنەوەی داهات و خەرجییەکانی شار یاخود بەشێکی زۆر لە بڕیاری خەرجکردنی شاریان پێبدرێت.

7-لەپێناو بێلایەنی و سەربەخۆیی لەکاری ئەنجومەنی شارەوانی، پێمانباشە سەرۆکی ئەنجومەنی شارەوانی و سەرۆکی شارەوانی جیابکرێنەوە و لە یەک کەسدا کۆنەکرێنەوە، بەڵکوسەرۆکی شارەوانی بە تەواوەتی خۆی تەرخانبکات بۆ کارەکەی، نەک وەک ئەوەی ئێستا جێبەجێدەکرێت کە سەرۆکی شارەوانی یەکەی کارگێڕی ڕاستەوخۆ سەرۆکی ئەنجومەنیش بێت.

8-پێشنیار دەکەین لە یاسای نوێ یاخود هەمواری یاساکەدا بە دەق ئەوە جێگیر بکرێت کە ئەندامانی ئەنجومەن خۆیان تەرخان بکەن بۆ کارەکەیان بەشێوەیەکی تەواو (تفرغ تام).

9-ئەو دامەزراوەو فەرمانگانەی کە زۆر گرنگن و پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە ژیانی هاوڵاتیانەوە هەیە یان تەواو خزمەتگوزارین دەکرێت سەرۆکی فەرمانگەکە ڕاستەوخۆ بەشێوەی دانان (تعیین) بکرێتە ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی، بەمەبەستی خزمەتکردنی زیاتری شار، بەڵام بەمەرجێک ڕێژەیەکی دیاریکراوی بۆ دیاریبکرێت لە یاساکەداو بەڕوونی ئەو فەرمانگەو دامەزراوانە دیاریبکرێن، و لەهەموو دۆخێکدا ((15% پازدە لە سەدی ئەندامان تێپەڕ نەکات، و باقی ئەندامانی دیکە بەشێوەی هەڵبژاردنی گشتی ڕاستەوخۆی نهێنی دیاری بکرێن.

10-پێویستە سەرۆک و ئەندامانی ئەنجومەنەکانی شارەوانی کەسانی لێوەشاو شارەزاو پسپۆڕبن، و لە یاساکەدا مەرجی ئەندامێتی و سەرۆکی ئەنجومەن و بڕوانامەو پسپۆڕییان لە بوارە جیاوازەکان بە ڕوونی بەدەق دیاری بکرێت، تا زیاتر لەکاری ئەو ئەنجومەنە گرنگە تێبگەن کە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە گەیاندنی خزمەتگوزاری بۆ هاوڵاتیان.

11-پێویستە پێداچوونەوە بە دیاریکردنی ئەندامانی ئەنجومەن لە سەندیکاکان بکرێت و ڕەچاوی لێوەشاوەیی و ڕوونێتی (شەفافییەت) لە دیاریکردنیان بکرێت و بەشێوەی دەوری بێت، نەک (٤ ساڵ) لەبەرئەوەی ئەو ئەندامانە خۆیان تەرخان ناکەن بۆ کارەکانیان (غیر متفرغ)، بۆیە پێویستە بەشێوەی دەوری بگوڕدرێن، هەروەها ڕێگری بکرێت لە دروستبوونی بەرژەوەندی کەسی و پیشەیی بەهۆی ئەندامێتی لە ئەنجومەنداو چاودێری ئەدائی کارەکانی بکرێت لە لایەن سەندیکاکانیانەوە هەروەها لەلایەن دەزگای داواکاری گشتی و دەستەی دەستپاکی و پەرلەمانی کوردستانەوە.

12-پێویستە نوێنەرایەتی سەندیکا و یەکێتی وکۆمەڵەو یەکێتییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی لەناو ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکاندا لەسەربنەمای شارەزای و پسپۆڕی و لێوەشاوەیی لەناو خودی سەندیکاو ڕێکخراوەکاندا بە هەڵبژاردن دیاریبکرێن نەک لەسەر بنەمای کەسی.

## سەرچاوەکان


**یەکەم: دەستوری عێراق ساڵی ٢٠٠٥**

**دووەم: توێژینەوەکان:**

1-د. مستەفا رەسوڵ حسین، نامەڵبەندێتی کارگێڕی و ڕەگەزەکانی لە یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩. ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان،٢٠١٦.

2-هەڵشۆ عەبدولفەتاح، محمد ڕەسوڵ و ئەنوەر تاهیر و ئەوانی تر، پەیپەری ئەنجومەنی شارەوانی و ڕێگاکانی چارەسەر،گروپی 3P ، سلێمانی،٢٠١٩.

3-ئەندازیار خەسرەو کمال ئەحمەد، هەڵسەنگاندنی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، ٩/١/٢٠٠٩ (بڵاو نەکراوە- غیر منشور)..

**سێیەم یاساکان:**

1-یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو.

2-یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٣ ی هەموارکراو

3-یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٧ یاسای یەکەم هەمواری یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکانی هەرێمی کوردستان.

4-یاسای ئیدارەی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە ساڵی ٢٠٠٤

5-یاسای وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار ژمارە (٧) ساڵی ٢٠٢٢

6-یاسای داهاتی شارەوانییەکان ژمارە (١٣٠)ی ساڵی ١٩٦٣

7-یاسای پارێزگاکانی هەێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ی هەموارکراو.

8-یاسای وەزارتی ناوخۆی هەرێمی کوردساتن ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩

9-یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی پارێزگاکان و قەزاو ناحییەکان لەهەرێمی کوردستان.

10-یاسای ئیستملاکی عێراقی ژمارە (١٢)ی ساڵی ١٩٨١

11-یاسای پارێزگاکانی عێراق ژمارە (١٥٩) ی ساڵی ١٩٦٩

12-یاسای پارێزگاکانی نەبەستراو بە هەرێمەکان لە عێراق ژمارە (٢١)ی ساڵی ٢٠٠٨

13-یاسایداواکاری گشتی ژمارە (١٥٩)ی ساڵی ١٩٧٩ی هەموارکراو.

14-یاسای کۆمەڵەو ڕێکخراوەکانی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١٨)ی ساڵی ١٩٩٣

15-یاسای ئەنجومەنی شوورای هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٠٨ ی هەموارکراو.

16-یاسای ڕێکخراوە ناحکومییەکانی هەرێمی کوتدستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١١

17- یاسای دەستەی گشتی دەستپاکی هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١١ .

18-  یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٤.

19-  یاسای کۆمسیۆن باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە عێراق ژمارە (٣١)ی ساڵی ٢٠١٩ ی هەموارکراو.

**چوارەم: پەیڕەوەکان:**

1-پەیڕەوی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٧ ی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بۆ پێکهێنانی ئەنجومەنەکانی شارەوانی لە هەرێمی کوردستان.

2-پەیڕەوی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٩ ی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بۆ پێکهێنانی ئەنجومەنەکانی شارەوانی لە هەرێمی کوردستان.

**پێنجەم: بڕیارەکان:**

- بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی عێراق ژمارە (١٢٤/فیدراڵی/٢٠٢٣) لە ڕێکەوتی (٢٤/٩/٢٠٢٣).

-بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٢٢)ی ساڵی ٢٠١٧ لە ڕێکەوتی٢٧/١١/٢٠١٧

-بڕیاری وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار ژمارە (٦/٧٠١٦) لە ڕێکەوتی ٧/٨/٢٠١٩.

-بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٦٧٩)ی ساڵی ٢٠١٩ لە ڕێکەوتی (٢٠/١/٢٠٢٠)

**شەشەم: ئامار:**

-ئاماری سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی سەبارەت بە ژمارەیکۆبوونەوەو بڕیارەکانی ئەنجومەنی شارەوانی سلێمانی لەنێوان ساڵانی (٢٠٠٩ تا ٢٠٢٥).

Vision Foundation
for Strategic Studies

info@vfssiq.org
+964 772 330 0005
www.visionfoundationiq.org
Sulaymaniyah, Ashty, Opposite to Azadi Park

visionfoundationiq